MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# کورد و بنیاتنانی ئوممەت

# کورد و بنیاتنانی ئوممەت


مارتن ڤان برۆینسن


وەرگێڕانی بۆ عەرەبی

فالح عەبدولجەبار

وەرگێڕانی بۆ کوردی

محەمەدی مشیر

MUKIRYANI

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی ئەمەی خوارەوەیە:

الاكراد وبناء الامة

مارتن ڤان بروينسن، ت: د. فالح عبدالجبار

دراسات عراقية – معهد الدراسات الاستراتيجية سنة الطبع: ٢٠٠٦

مطبعة – بغداد - بيروت

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **کوردو بنیاتناتی ئوممەت**
- نووسینی: مارتن ڤان برۆینسن
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: فالح عەبدولجەبار
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەمەدی مشیر
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: ٤١٢
- نرخ: ١٠٠٠
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٧
- تیراژ: ٧٥٠
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٢٩)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگاي موکرياني پارێزراوه**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com



# ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ ........ ١
کورد و بنیاتنانی ئوممەت ........ ٣
کورد کێیە؟ ........ ٥
یەکێتی و هەمەڕەنگی لە نێو کوردانداا ........ ٩
مەیلی نەتەوایەتی، ئوممەت، مافە نەتەوایەتییەکان ........ ١٤
سنوورە ئیتنییەکان و ئیتنیکی کورد ........ ١٨
رێگاکان بەرەو دروستبوونی ئوممەت ........ ٢٤
سەرهەڵدانی ئیتنیکی بچووك لە نێو کوردانددا ........ ٣٠
کۆتایی ........ ٤٢
پەراوێزەکان ........ ٤٥

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەگەر نووسین لەدوو لاوە بەرپرسیارەتی بخاتە ئەستۆی نووسەر کە یەکیان بەرامبەر خۆیەتی و دووەمیشیان بەرامبەر بە جەماوەری خوێنەرانە، ئەوا وەرگێڕان لە سێ لاوە وەرگێڕ پابەنددەکات بەو بەرپرسیارەتییە رەوشتەکی و پیشەییە،لایەنی سەربار لێرەدا، واتە خاڵی سێیەمی بەرپرسیارەتییەکە، بەرپرسیارەتی خودی وەرگێڕە بەرامبەر بە نووسەری دەقە ئەسڵییەکە.کەواتە دەشێ بڵێین وەرگێڕان جگە لەوەی کە پیشە و هونەرە لە هەمان کاتیشدا بەرپرسیارەتییەکی قورس و سەختی هەردوو لایەنی رەوشتەکی و پیشەییە، سەختییەکەشی لەوەدایە کە وەرگێڕ تاچەند دەتوانێت ناوەڕۆکی پەیامی نووسەری زمانی یەکەم بە ئەمانەتەوە بە خوێنەری زمانەکەی خۆی (کە رەنگە زمانی دووەم یا سێیەم بێت) بگەیەنێت و دەقێکی پاراو پڕ لە واتا پێشکەش بە خوێنەربکات .

ئەنجامدانی ئەم کارە بێگومان پەیوەستە بەرادەی شارەزابوون و لێزانی کەسی وەرگێڕ بە هەردوو زمانەکە، واتە زمانی ئەسڵی نووسینەکەو ئەو زمانەی کەبڕیارە



دەقەکەی بۆ وەرگێڕێت. ئەم شارەزاییەش لە لایەکیان دەرەنجامی ئەزموون و کارکردی زۆری خودی وەرگێڕە لەبواری وەرگێڕان و زمان زانیداو، لە لایەکی دیشدا پابەندبوونیەتی بەو ئەرکە رەوشتەکی و پیشەگەرییەی وایلێدەکات هەمیشە نووسەری یەکەمی دەقەکە رەچاوبکات و ناوەڕۆکی بابەتەکەی تا ئەوپەڕی توانا وەك خۆی بە خوێنەران بگەیەنێت. بۆیە ئومێدخوازم لەم وەرگێڕانەدا توانیبێتم وەك وەرگێڕێکی کورد بە ئەمانەتەوە سەرەتا لە بەرامبەر وەرگێڕی عەرەبی ئەم کتێبە (د. فالح عبدالجبار)دا،کە لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و، دواتریش بەرامبەر بە پیشەی وەرگێڕان و جەماوەری خوێنەراندا، هەر سێ لایەنی بەرپرسیارەتییەکەم گرتبێتە ئەستۆ و ئەوپەڕی سوود بە خوێنەرانی بەڕێزی ئەم کتێبە بگەیەنم .

**وەرگێڕ: محەمەدی مشیر**
**٢٠٠٦/١١/٢٤**

# کورد و بنیاتنانی ئوممەت [١]

مارتن ڤان برۆینسن[٢]
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەدی مشیر

لەم باسگەیەدا هەردوو زاراوەی "کۆمەڵگەی کوردی" و "رۆشنبیری کوردی" بە شێوەیەك لە شێوەکان بە واتایەکی فراوان بە کاردەهێنم ، هەندێ گرووپ و تاکی دەخەمە ناو کە لە هەموو بارودۆخەکاندا خۆیان بە کورد نازانن ، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری لە کۆمەڵێك توخمی جیاواز پێکهاتووە و، کێشەکە پەیوەست نییە بەوەی کە جیاوازی قووڵی رۆشنبیری هەبێ لە نێوان ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە ، بەڵکو ئەم سنوورەش دەبەزێنێ لە بەر هەبوونی جیاوازی گەورەتر لە نێو خودی یەك ناوچەدا ، لە بەرئەوەی هەندێك گرووپ هەن لە گەڵ زۆرینەدا جیاوازییان لە زمان و ئایین یان لە شێوازی ژیاندا هەیە، کە رەنگە خۆیان وادانێن یاخود زۆرینە وایاندانێ کە کەمتر کوردبن، یان هەر کوردیش نەبن. ئیدی کەمینە مەسیحی و یەهودییەکان بە شێوەیەکی گشتی بە کورد دانانرێن، هەرچەندە لە لایەنی رۆشنبیرییەوە زۆر ئاکاری هاوبەشیان هەیە لە گەڵ دراوسێ موسڵمانەکانیان، بەڵکو لە وانەشە کوردی زمانی دایکییان بێت .هەندێ تایفەی هەرتووقی لە نێوان کورداندا دەژین ، وەکو عەلەوییەکان و، ئەهلی حەقە و،



کاکەییەکان و ئێزیدییەکان کە مەیلی جۆرێك لە پەیوەندی لەرزۆك یان جیاوازیان هەبووە لە گەڵ ناسنامەی کوردیدا ، بە تایبەتیش کاتێك ئەو تایفەیە یان ئەویتر گرفتیان هەبووە لە گەڵ ئەو دراوسێ موسڵمانانەیان کە کەلەڕەقانە پابەندن بە زمانی خۆجێی خۆیان .

ئیتنیك گوزارشتێکی بابەتی نییە لە ئاکارگەلێکی رۆشنبیریی، بەڵکو بەرهەمی کارلێکی کۆمەلایەتییەو، بە کردەی چالاکی سیاسی گۆڕانی بەسەردادێت. هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەشبووە لە ماوەی سێ چارەکی کۆتایی سەدەی بیستدا، هەمان ئەو سیاسەتانەیان پێڕەوکردووە کە ئامانجی گۆڕینی نەخشەی ئیتنیکی بووە، بە تایبەتیش تورکیا کە هەوڵیداوە نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، هەروەکو هەوڵیداوە ئیتنیکی کورد تێکبشکێنێت.بەلاّم عێراق و ئێران ، کە کەمێك سووکتر تێکەلاّوی هەوڵی جینۆسایدی ئیتنیکی بوون ، سەرکەوتنی جیاوازیان بە دەست هێنا[٣]. لە لایەکی دیدا سەرهەڵدانی بزاڤێکی نەتەوایەتی کوردی خودان بنکەیەکی جەماوەری فراوان لەوەتەی شەستەکانەوە ، ئاسەوارێکی قووڵی بە سەر دەستنیشانکردنی ناسنامەی خۆیەتی لەلای کوردان بە جێهێشت. بزاڤی نەتەوایەتی هەستی چارەنووسی هاوبەشی جێگیرترکرد لە لای ئەوانەی دەکرێ بە شێوەیەکی فراوان پێیان بڵێین کورد، لە گەڵ ئەوانیشدا کەمینە ئایینی و زمانییەکان، وێڕای ئەو کۆمەلاّنەی بە دەستی گرووپی ئیتنیکی دەسەلاّتدار لە دەوڵەتدا توێنرانەوە.

هەردوو دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکان نارەزایی لە مەڕ ناسنامەی ئیتنیکی تایفە بچووکەکان توندتربوو لە لای ناسیونالیستە کوردەکان و ئەو بیرمەندانەی گوزارشت لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی دەوڵەتی تورکی یان ئێرانی دەکەن .

چەند مەیلێکی جوداخوازانەی نەتەوایەتی لە نێو ئەوانەی بە زازایی قسەدەکەن (کە زمانێکی نزیکە لە کوردی رەسەن) و ، لە نێو ئێزیدییەکان و عەلەوییە کوردەکاندا سەریهەڵدا، واپێدەچوو دەمارگیری بەرتەسکی ئەو لایەنانە

توندوبەهێزتر ببێ لە سەر حسێبی ئینتمابوون بۆ ناسنامەیەکی ئیتنیکی بەرفراوانتر. ئەم دیاردەیە به روونی لە کوردستانی عێراقدا بە دیارکەوت بەجۆرێك ململانێی تاڵی نێوان هەردوو حزبی سیاسی سەرەکی بووە هۆی چەسپاندنی دابەشبوونی ناوچەکە بۆ دوو پارچەی جیاواز لەرووی ئیکۆلۆژی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەوە، دوو پارچە هەست بە جیاوازی روونی نێوانیان دەکەن.

## کورد کێیە؟

هیچ مەزندەیەکی باوەڕپێکراو لە بارەی ژمارەی کوردانەوە نییە لە هیچ کام لەو وڵاتانەی تێیدا نیشتەجێن، ئەمەش لە بەر کۆمەڵێك هۆکار لەوانە هەندێکیان دەرەنجامی سیاسەتە حکومییەکانن. چونکە حکومەتە بایەخدەرەکان پەرۆشی کامڵبوونی نەتەوایەتین بۆیە هەرگیز گرووپە زمانی و ئایینییەکان لە چواچێوەی سنوورەکانیاندا ئامارناکەن، یان ئەنجامی ئەو ئامارانەی کە پێیان هەڵساون بڵاو ناکەنەوە.هۆکارێکی دیکەش هەیە ئەویش ئەوەیە کە: رەنگە کاتێ مرۆ بیەوێ بە ئاشکرا بڵێ من کوردم پەیوەست بێ بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی باوی ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژی.

بۆ نموونە ، ئامارەکانی دانیشتووانی تورکیا لە ساڵی ١٩٦٥ دوایین بۆنە بووە بۆ ئەوەی لە هاووڵاتییان بپرسن لە بارەی زمانی رەسەنیان یاخود ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن ، لە گەڵ ئەوەشدا چوار ملیپۆن کەس، واتە رێژەی ١٢,٧٪ ی دانیشتوان ، خۆیان ناساندوە بەوەی کە بە زمانی کوردی قسە دەکەن وەکو زمانی یەکەمیان(٤). ئەم ژمارەیە جگە لە ئاماژەیەکی لێڵ بۆ ژمارەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە کورد دەزانن هیچی ترمان ناخاتە بەردەست.بەلاّم ئەوانەی کە کوردییان بە زمانی دووەمی خۆیان داناوە ، رەنگە لە نێوانیاندا تورك و عەرەب و ئەرمەن و توێژگەلێکی



مەسیحی هەبن کە لەو ناوچانەدا دەژین ئیتنیکی تێکەڵاویان تێدایە و لەوێدا کوردی زمانی باوە، لەوانەشە هەندێکیان لە خێزانی تێکەڵاو سەرچاوەبگرن، یان لەو خێزانە کوردانە بن کە زمانی تورکی هەروەکو زمامی کوردی بە باشی دەزانن, چونکە رێژەی ١٢,٧ ٪ ژمارەیەکی زۆر کەمە لە چاو رێژەی ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن. لەوانەشە خەڵکێکی زۆر هەبن وازیان لەوە هێنابێت باری قورسی جاڕدانی کوردبوونی خۆیان بگرنە ئەستۆ و، دووریش نییە هەندێ فەرمانبەر دەستکاری دەرهاویشتەکانی ئامارەکەیان کردبێ بە مەبەستی گەیشتن بەو رێژەو ئامارانەی لە رووی سیاسییەوە لە لایەن حکومەتەوە پەسند دەکرێن(٥).وێڕای ئەوەی کە ناتوانین بە ووردی ژمارەی ئەو کەسانە دەسنیشانبکەین کە لە تورکیادا خۆیان بەکورد دەزانن لە ساڵی ١٩٦٥ دا، بەلاّم لە گەڵ ئەوەشدا دەشێ بڵێین رێژەی ئەوان بە شێوەیەکی هەستپێکراو، دوای تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بە سەر ئەو ئامارەدا، زیادی کردووە و، بە شێکی بچووکی ئەو زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی لە دایکبوون لە ویلایەتەکانی خۆرهەلاتدا پتر لەوەی لە ویلایەتەکانی خۆئاوای ولاتدا.بەلاّم زۆربەی زیادییەکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ئەوانەی خۆیان لە ساڵی ١٩٦٥ دا بە تورك لە قەڵەمدا دواتر گەڕانەوە وئێستا خۆیان بە کورد دادەنێن. ئەمەش ژمارەیەکی زۆری ئەو گەنجانە دەگرێتەوە کە باوان و باپیرانیان لە نێو کەڵچەری تورکیدا توانەوە ،جا چ خۆبەخشانە بێت یان بە زۆرەملێ، لە گەڵ ئەوانەشدا توێژگەلێکی دیکە تێکەڵ دەبێت کە ئەوانیش کوڕان و کچانی ژنانی دووڕەگەن(باوك کورد و دایك تورك یان بە پێچەوانەوە_ و _ کوردی) لەوانەی ناسنامەی ئیتنییان دووچاری گرفتێکی بۆماوەیی بووە.رەنگە هەر تورکێك، ئەگەر تەماشای دوور بکات، باپیرێك یان داپیرێکی کوردی هەبێت لە رێگەی تێکەلاّوی دووری ژنانەوە. ئەو تورکانەش کە بە هۆی یەکێك لە باپیرانەوە لە بنەچەدا کوردن ((لە وانەش کەسایەتی وەکو هەردوو سەرۆکی کۆچکردوو عیسمت ئینۆنۆ و تۆرگۆت ئۆزال)) ژمارەیەکی گەورەی ئەوانە پێکدەهێنن کە ئەگەر

لە  کوردبوونیاندا هەیە. ئەم دۆخەش بە جۆرێك لە جۆرەکان دروستە سەبارەت بە کوردەکانی ئێران و عێراق.

ئەگەر روونی و سادەیی رەچاوبکەین لە نێو کورداندا ( هەروەکو لە نێو هەر گرووپێکی دیکەی ئیتنیدا) دەستەیەکی بنەڕەتی هەیە لە رووی ئیتنییەوە زۆر پابەندە بە کوردبوونی خۆی بێئەوەی هیچ ریاکارییەکی تێدابێت ، ئیدی ئەو دەستە بنەڕەتییە دەورەی دراوە بە چەند توێژێکی لابەلا کە پابەندبوونیان بە کوردبوونیان لەرزۆك و نادیارە, بە جۆرێك پابەندبوونیان بە کوردایەتی یەکێکە لە چەندین رێبژاری(خیارات) دیکە.بەلاَم ئەم پێناسەکردنە لە رادەبەدەر سادەکراوەیە چونکە روانینێکی وورد بە دیاریدەخات کە دەستنیشانکردنی دەستە بنەڕەتییەکانیش بە تەواوی بەدەر نییە لە بە هەڵەچووندا، لە بەرئەوەی هەر تاکێك لە تاکەکانی ئەو دەستە بنەڕەتییە  هەر وەك ئەوانەی سەر بە توێژە لابەلایەکانن (لەوانەی کوردبوونیان ئەگەری تێدایە)خودان کۆمەڵێك ناسنامەی جیاوازن کە هەندێکیان هێزی کێشکردنی زیاتریان هەیە بەرەو لای پاپەندبوون بە ناسنامەی کوردایەتی. ئیدی ئەو  کوردە چ مێیینە بێ چ نێرینە رەنگە سەر  بە  دێیەك بێت یان بە شێوەزارێك بئاخڤیت یاخود سەر بە تایفەیەکی ئایینی بێت . ئیدی دەبینین تەنانەت لە نێو دەستە بنەڕەتییەکەشدا هەمەڕەنگیەکی فرەی رۆشنبیری هەیە کە وادەکات دەستنیشانکردنی تخووبەکانی خودی ئەو دەستە بنەڕەتییە لە سەر بنەمای هەندێ ئاکاری رۆشنبیری هاوبەش جۆرێك لە خەیاڵ بێت[٦]. لە گەڵ ئەوەشدا رێککەوتنێکی فراوان هەیە لە نێوان نووسەرە خۆرهەلاَتییەکاندا، لایەنی کەم لەوەتەی سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە ، لە بارەی ئەو کەسەی پێویستە پێی بگوترێ کورد.بۆ نموونە هەروەکو ئاخاوتنی مێژوونووسە عوسمانییەکان لە بارەی پێکەوەگرێدانی کوردستان بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە،یان ئاخاوتنی حاکمی بەتلیس(شەرەفخان) کە لە کۆتایی هەمان سەدەدا بە تێروتەسەلی مێژووی هەموو بنەماڵە دەسەلاَتدارەکانی کوردستانی نووسی، یان ئەولیا چەلەبی ، وەك گەڕیدەیەکی تورك لە ناوەڕاستی



سەدەی حەڤدەهەمدا چەند ساڵێکی لە ناوچەکانی کوردستان بە سەربردووە. ئەوانە هەرهەموویان  ناوی کوردیان بە هەمان شێوە و بۆ هەمان گرووپی دانیشتوان بەکاریان هێناوە و ، کاربەدەستانی کارگێڕی عوسمانی و فارسیش هەر وایان کردووە تاکو سەرەتاکانی سالاَنی سی لە سەدەی بیستدا، ئەو کاتەی هێنانی ناوی کورد لە تورکیادا قەدەغەکرا.

کوردەکان بە پێی  عورفەکانیان لە هۆزەکانی خۆرهەلاَتی ئاسیای ناوەڕاست و زاگرۆس پێکدێن جا چ جێگیر بووبن یاخود کۆچەر، ئەوانەش نە بە عەرەبی و نە بە فارسی نەدەدوان بەڵکو بە تورکی دەئاخاوتن [٧].ئەمەش هەموو ئەو کوردانەی گرتەوە کە بەکوردییەکی رەوان دەدوێن لە گەڵ ئەوانەش کە لە باکووری رۆژئاوادا  بە زمانی زازایی قسەدەکەن یان گۆرانەکان  کە لە باکووری رۆژهەلاَت و هەندێ ناوچەی دابڕاو لە کوردستانی عێراقدا دەژین ، جا چ سوننی مەزهەب بن یا شیعە ، یان سەر بە تایفە هەرتووقییەکانی ناوچەکەبن. تاکە نارۆشەنی گرووپی لوڕەکان و بەختیارییەکانی گرتەوە کە لە باکووری رۆژهەلاَتی کوردستانی رەسەندا جێنشینن بە جۆرێ کە هەندێ نووسەر بەکورد لە قەڵەمیان دەدەن و هەندێکی دیکەشیان بە گرووپی دابڕاو ئەژماریان دەکەن (ئەم نارۆشەنییە تا ئەمرۆکەشمان سەبارەت بە پۆلێنکردنی هەندێك لە لوڕەکان هەر ماوە).

گرنگە بە هەمان شێوە  باسی ئەو توێژانەش بکەین کە  نووسەران بە کوردیان هەژمارنەکردوون  کە پێکدێن لەو: جووتیارانەی کە جیاجیان و سەر بە هیچ هۆزێك نین لە گەڵ دانیشتوانی شارەکانی هەمان ناوچە، کە ئەوانەش تێکەڵەیەکن لەوموسڵمان و مەسیحییانەی کە زۆربەیان  وەکو زمانی یەکەم بەکوردی دەئاخاڤن (بە شێوە زاری گۆرانی یان زازایی).لە بەشی داهاتوو کێشەی ئەم رەگەزە دوور لە هۆزایەتییانە دەخەمە بەر باس.

## یەکێتی و هەمەڕەنگی لە نێو کورداندا

رۆژهەلاتناسی گەورە، مەزنترین شارەزا لە کاروباری کوردان، ڤلادیمیر مینورسکی، ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو شێوەزارەکانی کوردی ( بەدەر لە زازایی و گۆرانی) ، هەرچەندە کە جیاوازیشن ، بەوە دەناسرێنەوە کە لە ناوەڕۆکدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر یەکدەگرنەوە و بەهایان ئەو کاتە بە دیاردەکەوێت کە لەگەڵ هەمەڕەنگی لە رادە بەدەری زمانە ئێرانییە جیاجیاکاندا بەراوورد دەکرێنەوە و، دانیشتوانی ناوچەیەکی دیکەی شاخاوی قسەی پێدەکەن ئەویش ناوچەی پامیرسە(pamirs) ،لەوانەشدا بوونی یەکێتییەکی گەوهەری لە کوردیدا هەیە کە هەڵقولاوی هەبوونی یەك زمانی قسەپێکردنە و ژمارەیەکی زۆرو گرنگی مرۆڤ قسەی پێدەکەن ،هەروەها مینۆرسکی ئاماژە بەوە دەکات کە رەنگە ئەو گرووپە مرۆییە ماددەکان بن ( کە ناسیۆنالیستە کوردەکان زۆر حەزدەکەن بە باپیرانی بەرایی خۆیانیانی لە قەڵەم بدەن)[8].

کەچی زمانناسی ناسراو د . ن. ماکینزی Mac Kenzie رەخنە لەم بۆچوونە دەگرێ و لەو باوەڕەدایە کە لە لایەکدا ژمارەیەکی کەمی ئاکارو سیمای هاوبەشی زمان، شێوەزارە کوردییەکان لە گەڵ یەکتریدا یەکدەخەن ولە لایەکی دیکەشدا لە زمانە ئێرانییەکان جیایاندەکەنەوە.ماکینزی پێوایە کوردی رەسەن لە کۆمەڵێك لایەنی بنەڕەتییەوە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لە گەڵ زمانی ماددەکان ، چونکە بە رای ئەو زمانی کوردی هەڵگری توخمێکی بەهێزی باشووری خۆرئاوای ئێرانە کەچی زمانی ماددەکان بە قسەی ئەو زمانێکی باکووری خۆرئاوای ئێرانە ، بەلام هەردوو شێوەزاری زازایی و گۆرانی سەر بە گرووپی باکووری خۆرئاوای ئێرانن ( کەواتە لە



زمانی ماددەکان نزیکترن _ و _ کوردی) ، بۆیە ماکینزی لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵێك جیاوازی لە کوردی رەسەندا هەیە لە نێوان شێوەزاری باکوور(کرمانجی) و شێوەزاری باشوور(سۆرانی) کە دەکرێ بۆ کاریگەری مەزنی شێوەزاری گۆرانی بگەڕێتەوە کە بە سەر شێوەزاری سۆرانیدا هەیبووە[9].

پوختەی وتارەکەی ماکینزی ،کە ئاڕاستەیە لە دژی هزرڤانە ناسیونالیستە کوردەکان هەروەکو مینۆرسکی وایان ناودەنێ ، ئەوەیە کە کورد بنەمای هاوبەش و رۆشنبیرییەکی یەکگرتووی گەوهەرییان نییە .

رێککەوتنێکی فراوان هەیە لە لێکۆڵینەوە تازەکاندا لە بارەی ئیتنیکەکان و ناسنامەی نەتەوایەتی کە باس لەوە دەکات یەکگرتن یان هەمەڕەنگی لە کەڵچەردا لە خودی خۆیاندا دوو فاکتەری یەکلاکەرەوەنین ، هەرچەندە سەرنجڕاکێشی بیرۆکەی مێژووی هاوبەش و رۆشنبیری هاوبەش گرنگیەکی لە رادەبەدەریان هەیە لە بزواندنی سۆزی ئیتنیکی یان نەتەوەییدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی نەتەوەیی ئەورووپا لە سەردەمی سەرکەوتنی نەتەوەکاندا لە رووی رۆشنبیرییەوە هاوشێرازە نەبوون . لە ساڵی ١٧٨٩ دا نیوەی دانیشتوانی فەرەنسا بە فەرەنسی قسەیاندەکردو،تەنها لە ١٣,١٢٪ بە شێوەیەکی دروست پێی دەئاخڤین و ئەوانی دیکەش جۆرها دیالیکتی گشتییان بەکاردەهێنا ((Patois)). کاتێکیش ئیتالیا لە ساڵی ١٨٦٠ دا یەکیگرت ،لە ٢,٥ ٪ ی دانیشتوان لە کاروباری رۆژانەیاندا زمانی ئیتالییان بەکاردەهێنا، بەڵکە هەندێ سەرکردەی نەتەوایەتی زمانی نەتەوەیی خۆشیان نەدەزانی[10]. بەلام لە دۆخی کوردا مایەی سەرسووڕمانە ببینین کە هەستێکی هاوبەش بە ناسنامە ئامادەیە لە نێو ئەو هۆزانەی ( بابەتیانە) جیاوازییان هەیە لە تایبەتمەندی رۆشنبیرییاندا و، ئەم هەستە هاوبەشە سەبارەت بە ناسنامە کاتێکی درێژ بەر لە سەردەمی بە دیارکەوتنی نەتەوەکان هەبووە.

سەختیەکی تێدانییە کە ئێمە ئاماژە بە جیاوازییە گرنگەکانی لایەنی رۆشنبیری بکەین لە چوارچێوەی ئەوەی کە ناسیۆنالیستەکان ناوی لێدەنێن ئومەی کوردی یان بە

ئومەی کوردی لە قەڵەمدەدەن . هەندێك لە بۆچوونە هەرە توندڕەوەکان لوڕەکان و بەختییاریەکان دەگرێتەوە کە بەزمانێك دەدوێن زۆر نزیکە لە کوردی. ئەوانەی سەر بەو دوو گرووپەن بەگشتی خۆیان بە کورد دانانێن ، وێڕای ئەوەی کە لە رابردوودا لە هەندێ بۆنەدا بە کوردیان لە قەڵەم دەدان. لە بەرامبەریشدا دەبینین کە ئەوانەی بە زازایی و گۆرانی دەئاخڤن خۆیان بە کورد زانیوە بە هەمان شێوەش دراوسێکانیان کە بە کوردی دەدوێن ، سەرباری ئەمانەش نووسەرە بیانییە تورك و عەرەبەکان بە کوردیان زانیوە ، هەرچەندە ئەو دوو زمانە لە لایەن ئەوانەی بە کوردی رەسەن دەدوێن رۆشەن نین ( جگە لە لای ئەوانە نەبێت کە هەوڵێکی بێووچانیان داوە فێریان بن)[١١].

بەڵکو سۆرانی و کرمانجی کە دوو شێوەزاری بنچینەیین لە زمانی کوردیدا بە ئاسانی لێکناگەن ،ئیدی سۆرانی لە کرمانجی ناگا و کرمانجیش لە سۆرانی حاڵی نابێت. بەلام فێربوونی شێوەزارەکەی دی تا رێژەیەك لە لای هەمووان بەرەو پێشدەچێت. راستیەکەشی ئەوەیە ، هەر شێوەزارێك ، هەروەکو لە شێوەزارو زمانەکانی دیدا، هەمەجۆری خۆجێیی تێدایە کە گفتوگۆکاران لە ناوچە جیاوازەکانەوە هاندەدات بە تورکی و فارسی وعەرەبی بەردەوامبن بە هۆی بەد حاڵی بوونیان لە کوردی یەکتر و، هەروەها پێویستە ئەوەش رەچاو بکەین کە شێوەزارە کوردییە هەمەڕەنگەکان لەو ولاتانەی کە کورد تێیاندا جێنشینە دووچاری کاریگەری زۆر هاتوون لە لایەن زمانە فەرمییەکانی ئەو ولاتانە، لە لایەنی و رێزمانەوە لە سنوورێکی دیاریکراودا. بەم شێوەیە شێوەزاری قسەکردن لە هەردوو کەنارەکانی سنووری نێوان دوو دەوڵەت پەیتا پەیتا لێکدەترازێن تا دەبنە دوو شێوەزار.

پێدەچێ ئاین ، کە یەکێکە لە پێکهێنەرە ناوەندییەکانی رۆشنبیریی ، مەیلی هەبێ کوردان لێکدوورخاتەوە نەوەکە یەکیانبخات. زۆرینەی کورد موسڵمانی سوننەن و سەر بە مەزهەبی شافیعین لە رووی ووردەکاری فەرزە ئایینییەکانەوە ، بەلام ژمارەیەکی زۆر لە باشوور و باشووری خۆرهەلاتی کوردستان ( واتە لە عێراق و



ئێراندا) سەر بە مەزهەبی شیعەی جەعفەرین، هەروەکو زۆرینەی دانیشتوانی ئێران و باشووری عێراق. نابێ شیعەی کورد بەو عەلەویە کوردەکانە تێکەلاو بکرێن کە لە باکووری خۆرئاوای کوردستان جێنشینن، ئەگەرچی عەلەوییەکانیش ئیمامی عەلی و دوازدە ئیمامەکان بە پیرۆز رادەگرن ، بەلام فەرزو باوەڕە بنەڕەتییەکانی ئیسلام قەبوڵ ناکەن، بەڵکو پابەندن بە رێورەسم و کەشی تایبەت بە خۆیان ، رێورەسمێك جیاوازە لەوەی شیعە یان سوننەکان پێڕەوی دەکەن. عەلەوییە کوردەکان کەمینەیەکن لە نێو عەلەوییەکانی تورکیادا و، هەست دەکەن کە ئەوان لەو عەلەوییە خزمانەیان نزیکترن کە بە تورکی دەدوێن نەك لە کوردە سوننەکان. ئایینێکی تر هەیە هاوشێوەی ئایینەکەی ئەوان کە ئەویش ئایینی ئەهلی حەقەیە و لە عێراق پێیان دەڵێن کاکەیی. زۆربەی ئەهلی حەقە وایبۆدەچن کە ئەوان تایفەیەکی ناوەخۆی شیعەن، بەلام لە ناویشیاندا هەیە مەیلی جیابوونەوەی یەکجارەکی هەیە لە ئایینی ئیسلام. ئێزیدیش هەیە دوورە لە ئیسلامی حەنیف ، کە ماوەیەك لە ماوەکاندا لە ناوەڕاست و باکووری خۆرئاوای کوردستان بلاوبوەوە، بەلام ئێستا لە هەندێ ناوچەی بچووك لە عێراق و کۆماری ئەرمینا و هەندێ ناوچەی بچووکی سوریا و تورکیادا گیریانخواردووە[١٢]. بەلام تایفە مەسیحی و یەهودییەکان لە ناوچەکەدا، کە بەردەوام نارازیین ، بەکورد دانانرێن ئەگەرچی کوردی زمانی یەکەمیشیان بێت .

ئەو سوننانەی بە کوردی رەسەن دەدوێن جیاهەلکەوتوون بەوەی کە هەندێ گرووپیان لە نێودا هەیە رۆشنبیرییەکی ماددییانەی جیاوازیان هەیەو، کۆمەڵناسی ناودار (**رۆدۆلف** Rudolph )تێبینی ئەوەی کردووە کە هەندێ گرووپ هەن لە هەندێ ناوچەی بچووك لە باشووری تورکیا جیاوازن لە پلەی پشتبەستنیان بە کشتوکاڵ یان ئاژەلداری، هەروەکو جیاوازیان لە هەندێ ئاکاری دیکەی رۆشنبیری ماددیدا، وەکو شێوەی ماڵەکانیان (خانووەکانیان). ئەمەش هاندەری بوو سەرچڵی بکات لە خستنەڕووی گریمانێك کە وادەگەینێ ئەم جیاوازییە ماددییانە دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی ئەو گرووپە ئیتنییە جیاوازانەی لێیانەوە هاتوون ، کەچی (**هیوتیرۆس**

Hutteroth)ی جوگرافیناس کە کارێکی مەیدانی لە هەمان ناوچەدا ئەنجامدا، ئاماژە بەوە دەدات کە جیاوازی لە ڕۆشنبیری ماددییانەدا، زۆر بە سادەیی، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بارودۆخی ژینگەیی و[١٣]، خودی ئەو راڤەکردنە دووبارە دەبێتەوە لە کارێکی دیکەی مەیدانیدا کە لە رووی تیۆرییەوە ئەنترۆپۆلۆژیست (**فریدریك بارت** F.Barth)لە بارەی هۆزەکانی (**باتان**) گەلاڵەی کرد، بە جۆرێك تێبینی ئەوەی کرد کە لە ناو ئەم هۆزانەدا هەمەڕەنگیەکی ڕۆشنبیری فرە هەیە، کەچی وێڕای ئەمەش ئەو گرووپانە هوشیارییەکی سەقامگیریان هەیە بەوەی کە هەموویان بە شێوەیەکی هاوبەش سەر بە باتانن[١٤].

هەندێ جیاوازی ڕۆشنبیری لە دۆخێکی بێجوڵەدا، پەیوندی هەیە بە جیاوازی نێوان هۆزەکان و جووتیارانی بێ هۆز کە ملکەچی ئەو هۆزانەن. لە سەرتاپای کوردستانیش ئەم دوو پۆلە گرووپە دەبینین کە لە شوێندا دراوسێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆزەکان حەزدەکەن خۆیان بە کوردی تۆخ لە قەڵەمبدەن ، بەڵام جووتیارە بێ هۆزەکان زۆرجاران بە وەسفی ئیتنیکی یان تایفەیی داخراو وەسفیاندەکەن وەکو: رەعییە، گۆران، ژار، کرمانج، کلاوسپی ،تاکو لە هۆزەکان جیایانبکەنەوە لە (عەشیرەت و لە کورد). مێژووی ناوچەکە ئاماژە بەوەدەکات کە (رەعییەت) لە رەچەڵکی جیاجیاوە سەرچاوەدەگرن و نەوەی دانیشتوانێکی هەمەجۆرو دێرینترن و، هەروەها ڕۆڵە بەهەژارکراوەکانی هۆزە کوردییەکانیش دەگرنەوە [١٥] .

ئەو جیاوازییە ڕۆشنبیرییانەی لە پێشدا باسمان کردن کەمکەمە بەهۆی کۆچی فراوان و بە شاریبوون لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا بەشێکی زۆری بایەخی خۆیان لە دەستدا. لە ژینگەی شارە گەورەکانیشدا هەرگیز گرنگ نییە کە باپیرانی مرۆ جووتیاری بچووك بووبن یا کۆچەر، یان بە چ زمانێك لە ماڵی خۆیاندا قسەیان کردبێت، چونکە کەسی تاك زمانی گوندەکەی بەکارنەدەهێنا ، بەڵکو زمانی فەرمی دەوڵەتی بەکاردەهێنا(تورکی، عەرەبی یان فارسی) ، ئەمەش هوشیاری لە بارەی رەچەڵەکی هاوبەشی کوردایەتی سەقامگیرترکرد لە نێوان ئەو توێژانەی لە ناوچەی



جیاجیای یەك وڵاتدا دەهاتن، بەڵام هەر ئەوەش کەلێنی ڕۆشنبیری لە نێوان کوردانی تورکیاو عێراق و ئێران فراوانترکرد. فێربوون و راژەی سەربازی زۆرەملێیانە، سەرباری شێوەکانی ئامادەسازی سیاسی هەمەجۆر(هەڵبژاردن، خۆپیشاندانی جەماوەری) و پێشکەوتنی ئابووری و، کۆچی ناوەخۆ و، کاریگەرییەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ((نەتەوەیی))، هەموو بوونە هۆی ئاوێتەکردنی تەنانەت دوورترین دێهات و پەلکێشکردنیان بەرەو ژیانی ((نەتەوەیی)) ئەو دەوڵەتانە. ئیدی دابڕانی مێژووەکان لە ماوەی ئەو حەفتاوپێنج ساڵەی دوایی و، جیاوازی لە پرۆسەکانی بەشدارکردنی کۆمەڵایەتی، کوردەکانی هەر وڵاتێکی بە ئاکارێکی جیا لە کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ پێکهێنا.

## مەیلی نەتەوایەتی، ئوممەت، مافە نەتەوایەتییەکان

ناسیۆنالستە کوردەکان نیگەرانن لەو دابەشبوونە ڕۆشنبیرییە ، چونکە ئامانجیان مافی بڕیاردانی چارەنووسە بە هەر شێوەیەك بێت ، ئەم ئامانجەش هەروەکو ڕۆشنە پێویستی بە یەکبوونە. بۆیە ناسیۆنالستە کوردەکان چەندین جار گومانی خۆیان راگەیاندووە بەوەی کە حکومەتەکانی تورکیا و عێراق و ئێران متمانەدەکەنە سەر تیرترکردنی جیاوازییەکانی نێو کوردان. راستیەکەشی ئەم گومانە بەبێ پاساو نییە.چونکە بۆ نموونە، هەردوو حکومەتی ئێرانی شانشین و عێراقی کۆماری، بەرنامەی کوردیان لە رادیۆدا پەخشدەکرد و لەو بەرنامانەشدا شێوەزاری جیاجیایان بەکاردەهێنا، لە کاتێکدا ئەو بەرنامانەی بە فارسی و عەرەبی بوون بە زمانێکی پاراوی یەکگرتوو پەخشدەکران. ئەوەبوو کە کوردەکان ئەمەیان بەهەوڵی کەلێنخستنە نێو ریزەکانی کورد و نەهێشتنی دروستبوونی زمانێکی کوردی پێودانگی یەکگرتوو لە قەڵەمدا[١٦].

چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس ، لە زۆربەی گوتارە سیاسییە باوەکانی سەدەی بیست بە شێوەیەکی پتەو پەیوەستبوو بە چەمکی ئوممەت. بۆ نموونە بەرنامەی سەرۆکی ئەمریکی (فیدرۆ ویلسۆن)- هەر چواردە خاڵەکە — و گوتاری تریشی لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و، نووسینە کاریگەرەکانی ستالین لە بارەی پرسی نەتەوایەتی و، بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ، هەرهەموویان لە بارەی ((مافی گەلان لە بڕیاردانی چارەنووس ))دەدوێن ، بە پشت بەستن بەمە ناسیۆنالستە کوردەکان هەوڵێکی زۆریاندا تا بیسەلمێنن کە کورد ئوممەتە. هەروەکو زانراوە کە (ویلسۆن)یش ، بە هەمان شێوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، پێناسەیەکی پێشکەش نەکردووە سەبارەت بەوەی کە چەمکی ئوممەت رێك مانای چی دەبەخشێ[17]. کورد بە پێی پێناسەی ویلسۆن دەیتوانی ببێتە ئوممەت ، بەلاّم ناسیۆنالستانی کورد لەوە لاوازتربوون لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا داواکارییەکانیان بسەلمێنن. بەلاّم بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان (١٩٤٨) تەنها ئاماژەی بە گەلانی کۆلۆنیالکراولە ئاسیاو ئەفریقا ، یان بە ئاماژەیەکی ووردتر ئەو گەلانەی کۆلۆنیالکراوی هێزە ئەوروپییەکان بوون،کردووە. کەچی ستالین پێناسەیەکی بۆ ئوممەت دارشت کە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە سەر بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەو ناسیۆنالیستە کوردانەی وایاندەبینی کە ئەوان ئوممەتن بەپێی لۆژیکی ئەو پێناسەیەی ستالین هەوڵیاندا پشتیوانی سۆڤیەت بۆ کێشەکەیان دابینبکەن. ئەوەبوو ئەو پێناسەیە باڵی خۆی کێشا بە سەر مشتومڕەکانی نێوان ناسیۆنالستە کوردەکان و بزاڤە چەپەکان لە ولاّتانی خۆیاندا، راستییەکەی زۆربەی ئەو حزبە چەپانە نکوڵیان لە ئوممەتبوونی کورد کرد و داوایان لێکردن رازی بن بە دۆخی ((کەمینەی نەتەوایەتی)) (کە ئەمەشیان، بە پێی تیۆرەکەی ستالین، ئەوە دەگەیەنێت کە گرووپێکن مافی بڕیاردانی چارەنووسیان نییە و ناشتوانن حزبی شیوعی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن).



ستالین پێنج ئاکاری بە جیاهەڵکەوتووی بۆ ئوممەت دەستنیشانکرد: مێژووی هاوبەش، زمان ، خاك، ژیانی ئابووری، رۆشنبیرییەك گوزارشت لە(مۆرکی نەتەوایەتی)بکات. بە بۆچوونی ستالین هیچ گرووپێك ناتوانێت ئوممەت پێکبهێنێت ئەگەرسەرجەم ئەو هۆکارانەی تێدا نەبێ ( تاکو دەرەنجام شایستەی ئەوە بێت هاوکاری سۆسیالستانەی بکرێت لە پێناو مافی بڕیاردانی چارەنووس)[18]. کوردە ناسیۆنالستەکان لە توانایاندا هەبوو بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو جەختبکەنەوە کە مێژوویەکی هاوبەش و پارچە زەوییەکی گەورەیان هەیە پەیوەستە بە گەلەکەیان ، بەلاّم نەیارانیان لە گفتوگۆدا نکوڵیان لە هەبوونی ژیانێکی ئابووری هاوبەش کرد، هەروەها یەکێتی زمان و رۆشنبیریش دوو کێشەی زۆر هەستیاربوون، ئەگەرچی چەپی غەیرە کوردیش بەردەوام هێرشیان نەدەکردە سەر ئەم دوو لایەنە.

کێشەی زمان کرنگیەکی مەترسیداری بەدەست نەهێنا تەنها لەو گفتوگۆیانەدا نەبێت کە لەنێو بزاڤی کوردایەتی لە تورکیا سەریانهەڵدا، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێویستبوو زازایی بە شێوەزارێکی کوردی رابگەیەنرێت، واتە زمانێکی پەیوەندیدارە بەکوردی نەك جیاواز، چونکە ئەگەر بە زمانێکی جیاواز ئەژماربکرێ ئەوا ئەوانەی بە زازایی دەدوێن لە بنەچەی ئوممەتی کورد بە دووردەخرێنەوە. ئەوەبوو دواتر هەندێك لەوانەی بە زازایی دەئاخڤن بینیان کە هەڵوێستی بزاڤی کوردایەتی بەرامبەر بە زازاکان بە هەڵوێستی دەسەلاّتی تورکی دەچێت، واتە وەك ئەوەی تورك دەیانگوت کە کوردی جگە لە شێوەزارێك لە شێوەزارەکانی زمانی تورکی هیچیتر نییە. سووربوونی توندڕەوانە لە سەر یەکێتی زمان وەك پێودانگێك بۆ پێکهاتنی ئوممەت لە پێناسەکەی (ستالین )دا، بە شێوەیەکی راستەوخۆ بووە یەکێك لە هۆکارەکانی بوژانەوەی بزاڤی نەتەوایەتی زازاکان وەکو بزاڤێکی جوداخواز.

ئەگەرچی ناسیۆنالستە کوردەکان دروستبوونی کوردستانێکی یەکگرتوو وسەربەخۆ رەچاودەکەن، بەلاّم سەرکردەکانی کوردانی ئێران و عێراق ئەم داوایەیان

راگرت لە بەر هەندێك هۆكاری پراگماتیانە و گوڕیان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی كەهەن، واتە ئۆتۆنۆمی سیاسی و مافە رۆشنبیرییەكان و ، دووركەوتنەوە لەوەی بەئاشكرا باس لە ئامانجە باڵاكانیان بكەن سەبارەت بە كوردستانێكی یەكگرتوو[١٩]. كاتێكیش بزوتنەوەی كوردایەتی سەرلەنوێ، لە دەیەی شەستەكاندا، وەك بەشێك لە بوژانەوەی بزاڤی چەپ ولە چوارچێوەی ئەودا، لە توركیا بوژایەوە ، سەرەتا داوای كرد دان بە هەبوونی كورد دابنێن، واتە دان بە مافە رۆشنبیرییەكان و نەشونماپێكردنی ئابووریانە دابنێن. بە بڵاوبوونەوەی هزری لینین و ستالین لە توركیادا كەمكەمە مافی بڕیاردانی چارەنووس كۆنترۆڵی كردە سەر گوتاری سیاسی تا وایلێهات لە كۆتایی حەفتاكاندا ببێتە باڵاترین ئامانجی سەرجەم حزب و رێكخراوە كوردییەكانی توركیاو، پارتی كرێكارانی كوردستان (PKK)، كە سەركەوتووترین پارتە لە جەنگی پارتیزانی لە دژی دەوڵەتی تورك و پڕ جەماوەرترین پارتیشە لە نێو كوردەكانی توركیادا، رایگەیاند كە رزگاربوونی تەواوی كوردستان دوا ئامانجییەتی. ئەم پارتە هەوڵیدا كوردەكانی عێراق و ئێران بۆ لای خۆی راكێشی تا ببێتە فاكتەرێكی كارا لە كوردستانی عێراق و ئێراندا، بەمەش پێشبڕكێی پارتی دیموكراتی كوردستانی دەكرد . بە نزیكبوونەوەی نەوەدەكان ، سەركردەی پارتەكە (عەبدوڵا ئۆجەلان) كەمێك داواكانی كەمڕەنگ كردەوە بەو هیوایەی تەنها بگاتە رێككەوتنێك لە گەڵ حكومەتی توركیا. چەندساڵێكیش بەر لە رفاندن و دادگاییكردنی رۆشنتر ببۆوە كە ئەو رێگا چارەیەكی دەوێ لە چوارچێوەی كۆماری توركیادا[٢٠]. بەم شێوەیە پێدەچێت هەموو سەركردە دیارەكانی كوردجێگیربوون لە سەر ئەوەی كە رازین ئوممەتەكەیان بە پارچەكراوی بمێنێتەوە، كە لە راستیدا لە سێ ئوممەتی جیاكراوە پێكدێت هەرچەندە نزیكیش بن لە یەك.



## سنوورە ئیتنییەكان و ئیتنیكی كورد

لەوەتەی (فریدریك بارت)ی ئەنترۆپۆلۆژیست كتێبە مەزنەكەی خۆی لە بارەی سنووری ئیتنییەكان نووسی و، لە لایەن زانایانی كۆمەڵناسی پەسندكرا كە گرووپی ئیتنی بە ئاسانی لە رێگەی ئاكاری رۆشنبیری بابەتییانەوە دەستنیشان ناكرێ ، بەڵكو پاراستنی سنوورە ئیتنییەكان هۆكاری بنەڕەتی پێكهێنەری ئیتنیكن[٢١]. چونكە گرووپێكی ئیتنی دیاركراو رەنگە بە هۆی بارودۆخی ژینگەییەوە جیاوازی گەورەی لەناوخۆدا هەبێت، هەروەها رەنگە بە تێپەڕبوونی كات دووچاری گۆڕان بێت، بەڵام نە ئەمە و نە ئەویان كارناكەنە سەر پاراستنی سنوورێكی رۆشەن كە لە ژینگەی دەورووبەری جیایبكاتەوە. بە پێی ئەم تێڕوانینە گرووپە ئیتنییەكان بەو سنوورانە دەستنیشاندەكرێن كە جیایاندەكەنەوە لە گرووپە ئیتنییەكانی دیكە. هەڵبەتە پاراستنی كارای سنوورەكانیش پێویستی بە بەكارهێنانی هەندێ ئاكاری رۆشەن هەیە تا سنوورە جیاكەرەوەكان دەسنیشانبكرێن و، هێمای جیاكەرەوە بەكار بێت كە ناسنامەی گرووپەكەی پێبناسرێتەوە ( زۆر جاران هەندێ ئاكاری رۆشنبیری وەكو نیشانەی جیاكەرەوەی دەسنیشانكردنی سنوورەكان بەكاردێن، كەچی هەندێ ئاكاری دیكە بەكارناهێنرێن بۆ ئەم مەبەستە، سەرەڕای ئەمەش هەندێ لەو ئاكارانەی رۆژێك لە رۆژان بایەخیان هەبووە سبەینێ مەغزایان لە دەستدەدەن و شوێنی خۆیان بۆ ئاكاری دیكە چۆڵدەكەن).

پراکتیککردنی ئەم لێکنزیکردنەوەیە بە سەر باری کورددا سوودی دەبێت بۆ ئەوەی ئەو سنوورە کۆمەڵایەتییانە دەسنیشانبکرێن کە کوردو دراوسێکانیان ، لە رابردوو و ئێستادا، پەرۆش بوونە پارێزگارییان لێبکەن. بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم ، ئەو سنوورە بنەڕەتییانەی لە سەرەوەی هەموو دابەشکردنەکانی دیکەدا بوون ، ئەو سنوورانە بوون کە لە نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان و یەهودییەکاندا بوون و، موسڵمانە سوننەکان ، لە تورك و عەرەب ، کەمتر نامۆبوون لە چاو کوردە سوننەکانداو، سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو لا نادیاربوو. لە سەدەی پازدەهەمدا، کۆچەرانی تورك و کورد لە یەکێتییەکی خێڵەکیدا یەکدیگربوون کە بە ناوی (بۆز ئولوس Boz Ulus ) دەناسرێتەوە[٢٢] و، بەڵگەنامەکانی عوسمانییان لە بارەی سەدەکانی دواتر هەندێ ئاماژەیان تێدایە بۆ هەندێك هۆز کە بە ( هۆزی تورکمانی کوردی) یاخود (کوردی تورکمانی) لە قەڵەم دراون ، ئەم دەستەواژانەش زۆر بە باشی رۆشەن نەبوونەتەوە، بەڵام ئاماژە بە جۆرێك لە ئاوێتەبوونی رۆشنبیری لە نێوان هەندێ رەگەزی کوردی و تورکمانی و، نەبوونی سنوورێکی جیاکەرەوەی بڕ لە نێوانیاندا دەدەن [٢٣] . بە لایەنی کەم خێڵێکی عەرەبی هەیە کە ئەویش خێڵی (مەحلەمییە لە تور عابدین ، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ماردین) خۆی بە کورد دەزانێ و[٢٤]، هەروەکو کورد خۆیان بە بنەچەی کورد دادەنێن. بەڵام خێڵە زازاکان هەرگیز وەکو گرووپێکی جیاواز باسیان نەهاتووە بەڵکو هەمیشە بە کورد دانراون.

بەڵام ئێزیدییەکان لە دۆخێکی جیاوازدابوون . لە لایەکیان بە موسڵمان دانەدەنران و، پەرۆشبوون بە هەموو سومبولە بەرچاوەکانیان جەخت لە سەر ناسنامەی جیاوازی خۆیان بکەنەوە و، لە لایەکی تریشدا لە کوردە سوننەکان نزیکتربون تا لە زۆرینەی مەسیحییەکان، لە بەرئەوەی بەکوردی دەدوێن.



سنوورێك هەبوو کوردی سوننە و ئێزیدییەکانی لێکجیادەکردەوە، بەڵام ئەو سنوورانە لە رووی گرنگیانەوە بە پێی گۆڕانی کاتەکان دەگۆڕان و، لە سەرەتای سەدەی بیستدا گەلێك لە هۆزەکانی هەرێمی ئورفە و ماردینی تورکیای ئێستاکە چەند ڕانێکی ئایینی ئێزیدیان شانبەشانی ڕانە موسڵمانەکان گرتەخۆ (لە وانەشە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێك لە هۆزەکانی ئێزیدیان بەرەبەرە دەبوونە موسڵمان)[٢٥].

رۆشنیەکی ورد و تەواو نییە لەبارەی ئەو سنوورانەی کوردە عەلەوییەکان و کوردە سوننەکان لێکجیادەکەنەوە. لەوانەشە جیاوازی نێوان هەردوو مەزهەب واتایەکی ئەوتۆی نەبووبێت لە نێو کۆچەرە جێگۆڕەکاندا، کە ناسراون بە کەمی پابەندبوونیان بە ڕێورەسمە ئاینییە توندەکان، بەڵام ئەم جیاوازییە مەزهەبییە لە لای دانیشتوانە جێگیرەکان واتایەکی گرنگی لە خۆگرتبوو چونکە پتر پابەندن بە ڕێورەسمە ئایینییەکان. گەلێك سەرچاوەی مێژوویی هەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باس لە قزلباشەکان (عەلەوییە کوردەکان) دەکات وەك ئەوەی ئەمانە گرووپێکی ئیتنی جیاوازپێکبهێنن لە پاڵ کوردە سوننەکان و موسڵمانە عوسمانییەکان. پێدەچێ بوونی ئەوانەی بە تورکی و کوردی و زازایی قسەیاندەکرد لە نێو قزلباشەکان هیچ مانایەکی نەبووبێت لە لای مێژوونووسان[٢٦] . بە گوزارشتێکی دیکە ، زمان رۆڵێکی گرنگی نەبینیوە وەك هێمایەکی جیاکەرەوە کە گرووپەکان لێکدەکاتەوە، بەڵام ئایین ئەم رۆڵە یەکلاکەرەوەی دەبینی لە سنوورە جیاکەرەوەکانداو، ئەو سنوورانەی مەسیحییەکانیان لە موسڵمانان جیادەکردەوە تێهەڵکێشراو تربوون لەو سنوورە جیاکەرەوانەی بیدعە خۆرئاواییەکان و مەزهەبە حەنەفییەکانیان لێکجیادەکردەوە.

رەنگە گرنگترین سنوورە جیاکەرەوەکان ئەو سنوورانە بن کە ئەندامانی هۆز لە ئەندامانی بێهۆز جیادەکەنەوە. جیاوازی موسڵمان لە مەسیحی بە

شێوەیەکی توندبوو ڕێك وەك ئەوەی دەگونجا لە گەڵ جیابوونەوەی هۆزەکی لە جووتیاری ناهۆزەکی یان پیشەگەری ناهۆزەکی. هەرکاتێکیش مەسیحییەکان لە ڕووی هۆزەکی و سەربازییەوە ڕێکخراوبوونایە ، هەروەکو نەستوورییەکان لە هەکاری و یەعقوبییەکان لە تورعابدین(لە زۆربەی کاتەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا)، ئەوا هۆزە کوردەکان وەکو ڕکابەر ڕەفتاریان لە گەڵدا دەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هۆزی کوردی هەبوون لە نێو ڕیزەکانییاندا مەسیحییان هەبوو وەك ئەندامێکی هۆزەکە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرد[۲۷] . بەڵام دانیشتوانە ناهۆزەکییەکانی ناوچەکە پێکدەهاتن لەوانەی بە کوردی و زازایی و گۆرانی دەدوان ، وێڕای ئەرمەنی و ئارامی و عەرەبی لەوانەشە بە تورکی، لە نێو ئەوانەدا سوننە و عەلەویی و مەسیحی هەبوون ، بەڵام خەڵکی هۆزەکان لە ڕووی ئیتنییەوە بەوردی ئەم توێژە ناهۆزەکییانەیان لێکنەدەکردەوە، بەڵکو ناوێکی فراوانیان لێنابوون و پێیان دەگوتن (ڕەعیەت)و، هەندێ جارانیش بەناوی ووردتر ناویان دەهێنان، وەکو: جووتیارەکان(کە کۆی جووتیارە ، لەلای مەسیحییەکاندا، بە تایبەتیش ئەرمەنەکانیان)، یان بەناوی: کرمانج ، ناویان دەهێنان (کە بەو جووتیارە موسڵمانانە دەگوترا کە لە باکووری کوردستاندابوون، یان ناو ناتۆرەی خۆجێییان لێدەنان کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازیان هەبوو. بەڵام هۆزەکییەکان ناوی : عەشیرەت ، یان کورد – یان بە خۆیان دەگوت [۲۸] .

سنوورێکی دیکەی جیاکەرەوە هەبوو لە ناوچەکەدا، ئەویش ئەو سنوورەبوو کە نوێنەرانی ڕۆشنبیری باڵای عوسمانییەکانی ( کە پێکهاتبوون لە ئەفسەران و ئیدارییەکان و گەورە کەسایەتییەکانی فەرمی ئایینی و پیاوماقوڵانی شارەکان ) لە ڕەشەی خەڵك (عوام) جیادەکردەوە، ئەوانەی یەکەم تورکی عوسمانلییان بەکاردەهێناو پابەندبوون بە ڕێساکانی ڕەوشتی بەرز، دانیشتوانی شارە گەورەکانی کوردستانیش ڕۆشنبیرییەکی تورکی هاوچەشنیان بەکاردەهێنا.



ڕاستییەکەی ئەوانەی پێیان دەڵێن ((شاری یان شارستانی))، توێژێکی کۆمەڵایەتی بە جیاهەڵکەوتوویان پێکدەهێنا کە پەیوەندی بە هیچ گرووپێکی دیکەی زمانەوانی گوندییەوە نەبوو، ئەگەرچی هەندێك لە شارستانەکان لە ناوچەکەدا بوونە سەرکردەی گەورەی نەتەوەی تورك، بەڵام هەندێکی دیکەیان لایەنگری نەتەوەی کوردیان کرد.

ئیدی لە بەر ڕۆشنایی ئەم ئاڵۆزییە ئاوێتە و تێکهەڵکێشراوەدا، کە وێنای سنووری تیژی ئیتنی یان تەواوەیی و تێهەڵکێشراوی (ملتبس)دەگرێتە خۆ، مرۆ دەتوانێ بە پوختی ئەوەبڵێ کە ئیتنیکی کورد کوتلەیەکی ناوەندییە لە سەرەتای سەدەی بیست لەو هۆزە موسڵمانانە پێکهات کە بە کوردی قسەدەکەن و، ئەو هۆزانەش کە قسە بە زازایی و گۆرانی دەکەن، لە گەڵ ئەو ڕانە سوونیانەی کە تیایانداهەن ، بەشێکن لەو کوتلە بنەڕەتییە[۲۹] . لە بەرامبەریشدا دەبینین کە هۆزە عەلەوییەکان و ئێزیدی و حەقەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان لابەلان و، جووتیارە ناهۆزەکییەکانیش شێوەزاریان، یاخود ئایینیان هەرچییەك بووبێت نە بە بەشێك لە ئیتنیك ئەژمارکراون نە خۆشیان بە بەشێك لەو ئیتنیکە زانیوە. مەسیحییە کوردەکانیش لە کوتلەی بنەڕەتی ئیتنیك لادران ، بەڵام کەسانێك بەڵکو هەندێ گرووپی تەواو لە سنوورەکان پەڕینەوە دوای ئەوەی بوونە ئیسلام و قبوڵکران بە بەشێك لە کورد ئەژماربکرێن.

بەڵام لە هەموو گرووپەکان ناکۆکتر گرووپی ((شارستانی))یە، لە کوردستاندا، هەروەکو یەکێکیان (کە ئەویش زیا گۆك ئەلب)ە، لە ساڵی **۱۹۱۵**دا، گوتویەتی کە (شهرینن میللیتی یوك) واتە شارستانی هیچ ناسنامەیەکی ئیتنی نییە[۳۰] . بە خێرایی گفتوگۆ لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا سەریهەڵدا لەبارەی ئەوەی کە ئایا شارنشینانی شارەکانی وەکو بەتلیس ، کە بە تورکی قسەیان دەکرد، کوردن یا تورك. ئیدی پیاوماقوڵانی ئەو شارانەی پەیوەندی خزمایەتییان بە هۆزەکانی ناوچەکەوە هەبوو جەختیان لە سەر

ناسنامەی کوردبوونی خۆیان کردەوە لە بەر چەند هۆکارێکی زانراو، کەچی زۆربەی شارستانییەکان هەڵوێستێکی ناکۆکیان هەبوو. ئەم قسەیە لە بارەی جووتیارە ناهۆزەکییەکانیش دروستە، کە بەکورد ئەژمارنەکران تەنها دوای شەستەکانی سەدەی رابردوو نەبێت، ئەویش بەرەبەرە.

پێکهاتەی ئیتنیکی کوردی لە ئەندامێتی یەکەمین یەکێتییە نەتەوەییەکانی تورکان، کە لە نێوان سالآنی ١٩٠٨ و ١٩٢٠ لە ئەستەنبۆڵ دامەزرا، رەنگیدایەوە [٣١]. زۆربەی ئەو رۆشنبیرانە رۆڵەی هۆزەکان و هەڵبژاردە ئاییینییەکان بوون کە بەشی هەرە زۆریان سوننە بوون ، لە نێو ئەوانەشدا هەبوون بە شێوەزاری کوردی باکوور و باشوور قسەیاندەکرد، وێڕای ژمارەیەك کە بە زازایی دەدوان، بەلآم زۆر دەگمەن عەلەوی لە نێوانیاندا هەبوون جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێت و، هیچ ئێزیدییەکیش لە نێوانیاندا نەدەدۆزرایەوە [٣٢] . مایەی سەرسوورِمانیش نییە کە ئەو کۆمەلآنە ئەندامی جووتیار یان پیشەگەری شارستانیان تێدانەبێت، ئیدی ئەو توێژانە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو بە دوور مانەوە لە شۆڕشەکانی کورد[٣٣] .



## رێگاکان بەرەو دروستبوونی ئوممەت

کۆمەڵناسی بەریتانی (ئەنتۆنی د. سمیسAnthony D.Smith )، کە بە یەکێك لە دیارترین توێژەرانی بواری نەتەوەکان و ئوممەتەکان دادەنرێت، جیاوازی لە نێوان دوو شێوازی لە ریشەوە جیاواز دانا کە دەبنە هۆی دروستبوونی ئوممەت، ئەم دوو شێوازەش سەرچاوە لە دوو شێوازی ئەبستراکتی گرووپەکانەوە دەگرن کە بریتین لە: قەوم و ئیتنیك [٣٤] .

باسەکەی سمیس لەم بوارەدا بە تەواوەتی ناگونجێ لە گەڵ دۆخی کورداندا، بەلآم بۆ تێگەیشتن لە باری کورد بە سوودە. سمیس وشەی ئیتنی فەرەنسی(Ethnie) بەکاردەهێنێ تاکو وەسفی گرووپگەلێك بکات کە هاوبەشن لە ئەفسانەی دیارکراو لە رووی رەچەڵەك و سەرچاوەیانەوە، هەروەها پەیوەستن بە یەك پارچە زەوی دیارکراو ، لایەنی کەمیش هەندێ توخمی رۆشنبیری هاوبەشیان هەیە و، هەستی هاوکاریش لە نێو زۆربەی ئەندامانیاندا هەیە و، ئەم هوشیارییەش بە ئینتمای هاوبەش ئەو توخمەیە کە ئیتنیك لە قەوم جیادەکاتەوە، چونکە قەوم گرووپێکن لە بنەچەدا رۆشنبیرییەکی هاوبەشیان هەیە ، بەلآم هەستی هاوکاریی و مەیلی مەبەستداریان نییە تا سنووری جیاهەڵکەوتوویی خۆیان بپارێزن.

ئوممەت، لە دیدی ئەودا، پلەیەکی بەرزی کامڵبوونی ئیتنیکە، لەو رووەوە کە ئوممەت رۆشنبیرییەکی جەماوەرییانەی گشتی و، پلەیەکی بەرزی لە کامڵبوونی ئابووری و سیاسیدا هەیە [٣٥] .

سمیس نموونەکەی خۆی دابەشی دوو جۆر دەکات: نموونەیەکی ئەبستراکت کە ناوی دەنێ، ئیتنیکی ئەرستۆکراتیکی هاوسێ Lateral- Aristocratic ، کە ئەندامەکانی چینێکی سەربازی پێکدەهێنن. ئەرستۆکراتییەتێك ریشەی کۆمەلایەتی نییە ، بەلام لە سەر پانتاییەکی جوگرافی فراواندا بلاوبۆتەوە. بەلام نموونەی ئەبستراکتی دووەم ، نموونەی ئیتنیکی شاقولییە، میللییە Vertical- Demotic ، کە چەندین چینی کۆمەلایەتی لە یەك رۆشنبیری یەکگرتوودا بەشدارن لە رووی باوەڕیانەوە بە بنەچەی هاوبەشییان و، پابەندبوونی بەهێزیان بە یەك ئایین .

ئیتنیکی ئەرستۆکراتیکی هاوسێ دەشێ پێشبکەوێت و ببێتە ئوممەت ئەگەر سەرکەوتووبێ لە ئاوێتەکردنی رۆشنبیرییانەی ئەو گرووپە جیاوازانەی کۆنترۆلیان دەکات، سمیس باس لە ((ئاوێتەکردنی بیرۆکراسییانە)) دەکات لەو روانگەیەوە کە دەولەت هەمیشە رۆلێکی بنەڕەتی لەو پرۆسەیەدا دەگێڕێت . بەم شێوازە چەندین دەولەتی نەتەوەیی ئەوروپایی دروستبوون، وەکو فەڕەنسا و ئینگلتەڕا ، بەلام نموونەی شاقولی - میللی دەشێ پێشبکەوێ و ببێتە ئوممەت لە رێگەی پرۆسەیەکی پڕکردنی ناوەخۆ کە ئینتلیجنسیای نەتەوەیی پێیهەلەستێت و زۆرجاران داهێنانەوەی رابردووی ئیتنی و پەیوەندییە پیرۆزەکانی پەیوەست بە نیشتمان دەگرێتە خۆ(بەلام ئەمە حەتمی نییە). دەشێ نموونەی ئەم جۆرە ئوممەتە ((میللیانە)) لە پال ((دەولەتی نەتەوەیی)) پێشووتر، یان لە نێو ئەو دەولەتانەداو لە دژیاندا دروست ببێت لە نێو ئەو دانیشتوانانەی ملکەچی ئیتنیکی ئەرستۆکراتیکن.

ئیسپانیا نموونەیەکی بایەخداری لێکۆلینەوە و بەراووردکردنە لە گەل دۆخی کوردیدا، چونکە ئیتنیکی کاستیلی کە مۆرکێکی ئەرستۆکراتییانەی هاوسێی هەیە توانی سەرکەوێ لە کۆکردنەوەی زۆربەی دانیشتوانی نیمچە دوورگەی ئایبریا(جگە لە پورتوگال)لە چوارچێوەی ئوممەتی ئیسپانیدا، کەچی دانیشتوانی کاتالۆنیا و باسك و گالیسیا هەرگیز دەسبەرداری ناسنامەی ئیتنیکی جیاکەرەوەی خۆیان نەبوون کە دواتر بوونە بنەمایەك بۆ دروستبوونی بزاڤی نەتەوایەتی((میللی)). هەردوو



ناسنامەی ئیسپانی و کاتالۆنی بە تەواوی دوورخەرەوە نەبوون، تەنانەت توندڕۆترین ناسیۆنالستەکانی کاتالۆنیش دانیپێدادەنێن کە ئەوانیش لە هەندێ لایەندا ئیسپانین. گرنگە ئەوەش بزانین کە مەیلی نەتەوایەتی لای کاتالۆنییەکان دوای سەرکەوتن لە ئاوێتەکردنی دانیشتوانی کاتالۆنیا لە ئوممەتی ئیسپانی سەریهەلدا نەوەکو پێش ئەمە.

هەلبەتە دۆخی کوردان بڕێك ئالۆزترە، چونکە کورد وەك گەلانی ناوچەکە لەژێر چاودێری (رعایا)هەلبژاردەی سەربازیدابوون. تاکو سەرەتاکانی سەدەی بیست لەژێرچاودێری بیرۆکراسیەتی عوسمانییەکان بوون. ئەم هەلبژاردە عوسمانییەش وەکو ئیتنیکی ئەرستۆکراتییانەی هاوسێ وایە (چونکە بەهۆی زمانی عوسمانی و ئیسلامی سوننە،کە مەزهەبی دەولەت بوو ، هەروەها بە رۆشنبیری جیاهەلکەوتووی عوسمانیان یەکگرتوو بوو) ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەم ئیتنیکە لە ئیتنیکی میللیانەی جیاوازەوە سەرچاوەدەگرن. ئەوەبوو کەمالییەکانیش لە تورکیادا بوونە جێنشینی ئەم هەلبژاردە عوسمانییە و، سەرەڕای ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالستانەی پۆپۆلستانەیان، بە تەواوی خۆیان بەدوورگرت لە هۆزەکان و جووتیارەکان[٣٦] . ئەم هەلبژاردەیە رۆشنبیرییەکی تورکییان دارشت کە دووبارە مشتومالکرابۆوە، رۆشنبیرییەك لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە دێهاتییە تورکەکان و کوردەکانەوە نەبوو. هەولە گەرموگوڕەکانی بنیاتنانی ئوممەت لە رێگەی تواندنەوەی زۆرەملێیانەوە سەریگرت، بەتایبەتیش لەگەل کوردان وسەرکوتکردنی گرووپە ئایینییە تەقلیدییەکان و، بەکارهێنانی شێوازە چاکەکانی بلاوکردنەوەی فێربوونی گشتی وەك سەربارو، راژەی ناچاری گشتی لە سوپادا و بە کارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن و پەیوەندیکردنی نوێ. بەلام شێوازە نەرمترەکانی((یەکخستنی بیرۆکراسییانە))کە لە عێراقدا، لە سایەی ئینتداب یان حوکمی هاشمییەکان، پێڕەوکران ، بوونە هۆی دروستبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی عێراقی جیاهەلکەوتوو، ئەم قسەیە بە هەندێ دەسکارییەوە بۆ ئێرانیش دروستە لە سەردەمی حوکمی پەهلەویدا[٣٧] .

هەروەکولە بەشەکانی پێشوودا بینیمان کوردەکان لە سەرتای سەدەی بیستدا، ئیتنیکێکی ئەرستۆکراتییانەی- هاوسێ بوون ولە بەشی هەرە زۆریاندا پێکدەهاتن لە هۆزە موسڵمانە سوننەکان و، کۆنترۆڵی جووتیاران و ئەو توێژانەی دیکەیان دەکرد کە بە کەمینەیەکی کوردی یان غەیرە کوردی لە قەڵەمدەدران. بەڵام لە پاش کوشتوبڕ و کۆچپێکردنی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥ و، دوورخستنەوەیان لە باکووری رۆژهەلأتی تورکیا لە سالأنی دوای جەنگ، بوونی مەسیحییەکان تارادەیەکی زۆر لاوازبوو تا وایلێهات سنووری جیاکەرەوەی نێوان موسڵمان و مەسیحی نەماو، سیاسەتی عەلمانیکردنیش کە کەمالییەکان لەوەتەی ساڵی ١٩٢٤ەوە، پێڕەویان دەکرد کاریگەری خۆی بەجێهێشت لە سەرهەندێ ئاکاری دیکەی ئیتنیدا. بۆ نموونە ئایینی هاوبەش کوردوتورکی یەکدەخست لە بەرەنگاربوونەوەی بانگەشە ناوچەییەکانی ئەرمەنەکان، بەلأم جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت وبوونی نەتەوەی تورك بە جێگرەوەی ئایین بەو سیفەتە کە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتە بووە هۆی لاوازکردنی پەیوەندی نێوان کوردو دراوسێ تورکەکانیان لە لایەك و، بەرتەسکردنەوەی کەلێنی نێوان عەلەوییەکان و سوننەکان لە لایەکی تردا. سەرباری ئەوەش جێگۆڕی کۆمەلأیەتی و شارستانیبوون کاریگەریان هەبوو لە سەر وورده وورده تواندنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هۆزەکییەکان و ناهۆزەکییەکان، لە شەستەکانیشەوە ئەنتلیجنسیای نەتەوەیی کورد، ئەگەرچی لە هەڵبژاردە سەرچاوەی گرتبوو، بەو چاوە سەیری جووتیارە ناهۆزەکییەکانی دەکردکە کوردی رەسەنن وپاگەندەی نەتەوایەتیان بەرەو ئەوان ئاڕاستەدەکرد. بەم شێوەیە رەعییەتە جووتیارەکان، بەرەبەرە، ئاوێتەکران بە ئیتنیکی دەسترۆ.(راستیەکەی ئاوێتەکردنێکی هاوچەشنی کەمیینەکان زۆر بەر لەوە دەستیپێکرد، لە رێگەی هاتنی ئەرمەن و مەسیحییەکان بۆ ناو ئیسلام)[٣٨].

بەم شێوەیە دوو پرۆسەی ئاوێتەکردن پێکڕا جووتیارەکان وتوێژەکانی خوارەوەی شارستان و دانیشتوانە پەراوێزکراوەکانی هۆزەکانیان گرتەوە: ئاوێتەکردنێك لە دەوڵەتی نەتەوەیی تورك یان لە دەوڵەتی عێراقی یا ئێرانی لە لایەکیان و،



ئاوێتەکردنێکیش لە ئیتنیکی کورددا. جووتیارەکان لە بژارتنی کارایانەی ناسنامە دواکەوتن، بەلأم لە نێو هۆزە عەلەوییەکانی تورکیا لە بیستەکاندا مشتومڕێك لەبارەی ئەو ناسنامەیەی پێویستە بیبژێرن سەریهەڵدا کە ئایا کوردی دەبێ یاخود تورکی. هەندێ لە شێخەکۆچەرەکان لەگەڵ ناسیۆنالستە کوردەکان مانەوە، هەندێکیشیان دەوڵەتی عەلمانیان لەدژی دراوسێ و نەیارانیان لە کوردە سوننەکان هەڵبژاردو، جاڕیاندا کە ئەوان((تورکی رەسەنن)) [٣٩] ، کەچی هەندێکی تریان بەولایەندا چوون کە عەلەوییبوون بە ناسنامەی راست لە قەڵەم بدەن(٤٠).ئێزیدییەکان و کاکەییەکان و تایفەی دیکەش لە عێراق، هەروەکو مەسیحییەکانی کوردستان، رووبەرووی هەمان رێگەچارە بوونەوە هەرچەندە فشاری زۆریان لە سەر نەبوو تاکو عەرەببوونی خۆیان رابگەیەنن تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بەعس دەسەلأتی گرتەدەست[٤١].

پرۆسەی بنیاتنانی ئوممەت لە تورکیاو عێراق و ئێران بە رێڕەوێکی سەرکەوتووانەی تەواوبەرێوەچوو، بەلأم بێئەوەی بتوانێ رێگربێت لە بەردەم ئاوێتەبوونی پەیتاپەیتای توێژە لابەلاکان لە کرۆکی ئیتنیکی کورد. کەچی ناسنامەی کوردی، بە تایبەتیش لە تورکیادا، هەر لە ژێرباری ناسنامەی نیشتمانی ئەوسای دەوڵەتدا مایەوە، لە کاتێکدا بینیمان چەندین بزاڤی نەتەوایەتی کوردی کەمۆرکێکی جەماوەرییانەیان هەبوو سەریانهەڵداو، ئەم سەرهەڵدانەش لە مەیلی نەتەوایەتی کوردان بە ((بوژانەوەی ئیتنیکەکان)) دەچێت لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا، لە زۆر لایەنیشدا بە بزووتنەوەکانی باسك و کاتالۆنیا دەچێت لە ئیسپانیادا( سەرباری ئەوەی کە ئەم بزووتنەوانە لە ناوچە خۆشگوزەرانەکانی ئیسپانیا سەریانهەڵدا، کەچی کوردستان دووچاری هەژاری کرابوو). بزاڤی نوێی کوردایەتی، بە تایبەتی لە تورکیادا، بەرهەمی دوو پرۆسەی یەکدیگرە، کە بریتین لە فێربوونی جەماوەرییانەوشارستانیبوون. بزاڤەکە لە شارەگەورەکاندا لە دایکبوو، لەو شوێنانەی خوێندکاران و رۆشنبیران و کرێکارانی کۆچبەری تێدا نیشتەجێبوون، لەو هوشیارییەوە

سەرچاوەی گرت کە هەستی بە جیاوازی کورد دەکرد لەگەڵ ئەو ئیتنیکەی زاڵبوو، هەروەها لەوەشەوە کە دووچاری ئەندازەیەك لە جیاکاری ببوون.

بزاڤی کوردایەتی لە شەستەکان و حەفتاکاندا ئەو وێنایە دەبەخشێ کە ئاوێتەکردنی ئیتنیکی کوردان سەرکەوتوبوو، لەبەرئەوەی سەرکردەو ئەندامانی بزاڤەکە لە تورکیا لە سوننە و عەلەوییەکان پێکدەهاتن، لەوانەی تەنها بەتورکی دەدوان. بەلاّم لە نێو بزاڤی کوردایەتی لە عێراقدا نەك هەر تەنها ئەوانەی بە شێوەزارەکانی گۆرانی دەئاخڤن دەبینین، بەڵکو ئێزیدی و شیعەش لە پاڵ موسڵمانانی سوننە دەبینین، بەڵکوئاشورییەکانیش دەبینین( کە هەندێ جاران پێیان دەگوترێ مەسیحییە کوردەکان، کە ئەمەش چەمکێکە بەر لەچەند دەیەیەك نەبێت لە هزری هیچ کەسێکدا نەبووە)، بەڵکو هەندێ لە کوردە فەیلییەکانیش دەبینین کە بە عەرەبی دەدوێن[٤٢]. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پاڵپشتیکردنی بزاڤەکە یان پشتیوانیکردنی ئایدیای ئوممەتی کوردی هۆکارێکی گشتی بووە. چونکە لە عێراقدا شتێك هەبووە کە پێی دەگوترێ (جاش)، کە ئەوانیش کوردن وحکومەتی ناوەند لە دژی بزاڤی نەتەوایەتی کورد ئامادەی کردبوون وهێزەکانیان لەرووی ژمارەو هێزەوە خۆی لە شانی ژمارەی پێشمەرگەکان دەدا کە شەڕکەری چاونەترس بوون. چەند هۆزێك چووبوونە ڕێزی جاشەکان چونکە سەرەکانیان باوەڕیان بە سیاسەتمەدارانی کورد نەبوو، چەندین هۆزی دیکەش هەمان شتیان کرد چونکە نەیارانیان ببوونە پێشمەرگە، کەچی هەندێ هۆزی دیکە لە ترسان یان لە بەر چاوچنۆکییان هاوکاری حکومەتی ناوەندییان کرد. بەلاّم دابەشبوون بۆ سەر ئۆردوگای پێشمەرگەکان و ئۆردوگای نەیارانی بزاڤی نەتەوایەتی کوردی لە سەر بنەمای لێکجیاکردنەوەی زمان و ئایین نەبوو هەروەکو لە پێشدا باسیانلێوەکرا .



## سەرهەڵدانی ئیتنیکی بچووك لە نێو کورداندا

پرۆسەکانی ئاوێتەکردنی گرووپەکان لە نێو ئیتنیکێکی گەورەتری کورداندا لە هەشتاکان رووبەرووی سەرهەڵدانی ئەو ناسنامە ئیتنییانە بۆوە کە کەمتر مەیلی ئاوێتەبوونیان هەیە. لێرەدا دەتوانین بەرراووردێك لەگەڵ نەتەوەی کاتالۆنی لە ئیسپانیادا بکەین، لە گەڵ جیاوازیەك کە ئەویش ئەوەیە ئیتنیکی کورد ئەمجارەیان خۆی لە دۆخێکی هاوشێوەی دۆخی ئیتنیکی ئیسپانیدا دەبینێتەوە. سەرهەڵدانی ئەو هێزانەی لە ناوەند دووردەکەونەوە ( واتە لە ئیتنیکی کورد دووردەکەونەوە)، تا رادەیەکی دیار، دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە سەقامگیرکردنی هوشیاری نەتەوایەتی و جێگیرکردنی ژێرخانی ئوممەتی کوردی. لایەنی کەم دوو شێوەی جیاوازی ئەم بوژانەوە ئیتنییە پەرتەوازەیە هەیە دەکرێ تێبینیان بکەین: یەکەمیان، تایبەتمەندییەکی- زمانەوانی- ناوچەییە(بادینان لە بەرامبەر سۆران)لە کوردستانی عێراقدا، دووەمیان، مەیلی جوداخوازییە لەلای تایفە ئاینییەکان وکەمینە زمانەوانییەکان(ئەوانەی بەزازایی دەدوێن لەگەڵ عەلەوییەکان)هەروەکو لە تورکیادا.

درککردن بە هەبوونی جیاوازی ئابووری و رۆشنبیری فراوان لە نێوان بەشی باکوور، کە بە کرمانجی قسەدەکەن (بادینان) لەگەڵ بەشی باشوور، کە بە سۆرانی دەدوێن لە کوردستانی عێراقدا شتێکی تازە نییە. ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ململانێکانی نێوخۆی بزاڤی کوردایەتی لایەنی کەم لەوەتەی سەرەتای شەستەکانەوە. بادینان پاشکەوتووە لە رووی ئابوورییەوەو هۆزەکان لە وێدا زاڵن، بەلاّم لە سۆراندا، کە شارستانیتر و پێشکەوتووترە لە هەردوولایەنی

فێربوون و ئابووریدا، ئەمە وایکردووە رۆڵی هۆزەکان لەوێدا پەراوێزبێت و، شێوەزاری کوردی سۆرانی ببێتە زمانی فەرمی لە عێراق و شوێنی خۆی پتەوتر بکات بەو سیفەتە کە زمانی ئەدەب و فێربوونە، کەچی کرمانجی دووچاری فەرامۆشی کرا، ئیدی زمانی خوێندن لە قوتابخانەکانی بادینان‌دا یا عەرەبی بووە یا سۆرانی نەوەکو کرمانجی.

لە سەرەتای شەستەکاندا ململانێیەکی توندوتیژ لە سەر سەرکردایەتی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد هەڵگیرسا لە نێوان بارزانی وهۆزە هاوپەیمانەکانی لە لایەك و، رۆشنبیرانی زانکۆ، شارییەکان، ئەوانەی بە سۆرانی دەدوێن لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەکی دیکەدا . ئەم دوو ئۆردووە نەیارە نوێنەرایەتی توێژی کۆمەلایەتی جیاجیایان دەکرد کە هەندێ بەرژەوەندی چینایەتی ناکۆك و جیاوازی بۆچوونەکان لە ململانێی سیاسیدا پاڵپشتیاندەکرد، هەروەها نوێنەرایەتی دوو ناوچەی سەرەکی جیاوازیان دەکرد لە کوردستانی عێراقدا. بارزانی توانی لە ململانێکەدا سەرکەوێ، سەرەتا لە رووی سەربازییەوە، دواتریش لە رووی سیاسییەوە. بارزانی توانی هەندێك لە نەیارانی پێشتری بگەڕێنێتەوە نێو ریزەکانی خۆی وهەندێ لە سیاسییەکانی باشووریش بەرەولای خۆی رابکێشێ، بەمەش توانی سەرکەوتووانە کوردی ناوچە جیاجیاکان لە ژێر سەرکردایەتی خۆیدا یەکبخات ، ئیدی بزووتنەوەکە بەشێوەیەکی پتەو بەیەکگرتوویی مایەوە وێڕای جیاوازییەکانی زمان وئایین کە چیتر بەش بەشی نەدەکردن، ئەوەبوو دۆخەکە بەم شێوەیە مایەوە تاکو دارمانی کتوپڕی بزاڤەکە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥.

بەلام ئەو جولانەوەی لە سالانی دواتردا سەریهەڵدایەوە کێبڕکێی توندوتیژی پێوەدیاربوو لە نێوان ئەو سەرکردانەی لە ناوچەکانی خۆیاندا دەستڕۆبوون، دیارترینی ئەو سەرکردانەش جەلال تالەبانییە کە دەسەلاتی بەهێزتری خۆی لە ناوچەی سلێمانیدا سەقامگیرکرد، هەردوو کوڕەکانی بارزانیش، ئیدریس و



مەسعود، کە هەردووکیان دەسەلاتیان، وەکو باوکیان، لە نێو کۆمەلێك هۆزی بادینان هەبوو. تالەبانی لە کۆیە لە دایکبووە و، بۆتە ئەندام لە مەکتەبی سیاسی ((پارتی دیموکراتی کوردستانی))دێرین، دواتر لە ساڵی ١٩٧٥ دا ((یەکێتی نیشتمانی کوردستانی)) دامەزراندووە، لە کاتێکدا کە هەردوو کوڕەکەی بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندەوە. سەرکردەکانی دیکەی کوردیش، زۆربەی کات، بە پەرتەوازەیی مانەوە، جارێکیان لەگەڵ ئەم لایە و جارێکی تریش لەگەڵ ئەولا لە نێوان هەردوو حزبەکەدا، زۆرجارانیش شوێنەکانی خۆیان دەگۆڕی. سەرەڕای گۆڕانی زۆربەی بارودۆخەکان لەوەتەی دەیەی هەشتاکانەوە تەنها یەك رەگەز وەکو خۆی مایەوە ئەویش کێشمەکێشمی نێوان تالەبانییەکان و بارزانییەکانە. هۆی ئەمەش ، بەڕای ئێمە ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دوو سەرکردەیە، لە هەموو ئەوانی دیکە زیاتر، نوێنەرایەتی دابەشبوونی نێوان سۆران و بادینان دەکەن، هەروەکو چۆن نوێنەرایەتی ئەو پێشبینییە پێشوەختانە دەکەن کە هەر ناوچەیەك لەو دوو ناوچەیە بەرامبەر بە خۆیان و ناوچەکەی تر هەیانە [٤٣]. ئیدی نە ئەو سیاسەتە سەرکوتکارانەی سەدام لە دژی کورداندا پێڕەوی کردن، کە گەیشتنە لووتکە لە هەلمەتەکانی کۆکوژی ساڵی ١٩٨٨دا، نە ئەو دەرفەتە رەخساوانەی دروستکردنی ناوچەی ئارام بە چاودێری نێودەولەتی لە ١٩٩١ دا هێنانییەئارا، توانیان سەرکردە کوردەکان بگەیەننە ئەو باوەڕە کە بەرژەوەندە هاوبەشەکانیان لە سەرووی شتەکانی تردا دابنێن. کێبڕکێی نێوان هەردوولا بەردەوامبوو، بەڵکو بە هۆی بارودۆخی ئابووری وسیاسی لە ماوەی نەوەدەکاندا تەشەنەی کرد و توندتربوو. دوای ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنەی تا رادەیەك ئازادبوو، هەردوو حزب ژمارەیەکی نزیکی دەنگەکانیان بەدەستهێنا و حکومەتێکی ئیئتلافیان پێکهێنا بێئەوەی دەسەلاتێکی راستەقینەی هەبێت. جیاوازی فراوانی نێوان هەردوولا لە سەرچاوە ئابوورییەکان و چاودێری سیاسییانەی دەرەکی بووە هۆی

توندتربوونی بارگرژی نێوان هەردوولا، چونکە (( پارتی دیموکراتی کوردستان )) کۆنترۆڵی سنوورەکانی تورکیای دەکردو پارەیەکی زۆری لە داهاتی باجەکانی گومرگ دەهاتە دەست، سەرباری کارەکانی قاچاخچییێتی تایبەت. ئیدی رازی نەبوو ئەو سەرچاوانە لەگەڵ هاوبەشەکەی لە ئیئتلافدا دابەشبکات. ئەم دۆخەش بووە هۆی ئەوەی کە شەڕی براکوژی لە ساڵی ١٩٩٤ دا هەڵبگیرسێ ، هەرچەندە ناوناوەش دەپچڕا ، بەڵام هەر درێژەی کێشا تا لە ساڵی ١٩٩٨ لە سایەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتیدا، شەڕەکە راگیرا. ((پارتی دیموکراتی کوردستان)) بە ئەنقەسد داوای یارمەتی لە هێزەکانی سەدام حوسێن کرد تاکو ((یەکێتی نیشتمانی))، کە ئێستا تاوانبارە بەوەی لە گەڵ ئێراندا دەستی هەبووە، دووربخاتەوە لە هەولێری پایتەختی هەرێم. لەوکاتەوە دوو حکومەتی هەرێمایەتی دروستبوون یەکیان لە هەولێرو ئەویتریشیان لە سلێمانی [٤٤].

ململانێی نێوان هەردوو حزب بووە هۆی قووڵکردنەوەی کەلێنی نێوان (سۆران) و (بادینان)، (هەرچەندە باڵادەستی پارتی دیموکراتی کوردستان چوارچێوەی سنووری بادینان دەبەزێنێ). لەو دوو پارچەیەدا مەیلی ناوچەگەرێتی و بە نێگەتیڤ روانینە ئەویتر گەلاڵەبوو، بەڵام زانینی قوڵایی ئەم دیاردەیە سەختە، چونکە نازانین بەرتەسکە یان فراوان . هەندێ ئاماژە هەیە بەوەی کە هەندێ لە سەرکردەکانی ناوچەی سلێمانی هاندەربوون بۆ رێگرتن لەو مەترسییەی کە گوایە خەڵکی بادینان کۆنترۆڵی ناوچەدەکەن. هەروەها بێزاری سیاسی بەرامبەر بە جەلال تاڵەبانی و حزبەکەی لە ناوچەی بادینان هەندێ جاران هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە بە خۆیەوە دەبینێ بەرامبەر بە خەڵکانی سلێمانی،یان لە خەڵکی سۆران بەگشتی. دووپاتی دەکەینەوە کە تاچەند ئەم هەستە تەشەنەی کردووە و تاچەند مەیلی پاراستنی بەرژەوەندی ناوچەگەری بەرتەسك هاوڕەوتی ئەمەیە لە جیاتی قوربانیدان لە پێناو سەرتاپای کوردستان رۆشەن نییە لە لای ئێمە. بەڵام سەرهەڵدانی نوێی مەیلی نەتەوایەتی زازایی و



عەلەوییەکان لە تورکیا لایەنێکە لەو پەیوەندی دیالیکتیکیانە جیاوازەی پەیوەندی بە پێشکەوتنی هەستی نەتەوایەتی کوردەوە هەیە. چونکە پرۆسەی شارستانیبوون و کۆچ کە بوونە هۆی دروستبوونی هوشیاری کوردایەتی نوێ لە شارە گەورەکان، هەمان ئەو پرۆسەیە کە گوندنشینە عەلەوییەکانی هاندا( لە نێوانیشیاندا هەبون بە تورکی قسەیاندەکرد، یان بە زازایی دەدوان) بەرەو شارە سوننەکانی ناوچەکە بچن و کێبڕکێی راستەوخۆ لە سەر سەرچاوە کەمەکان بکەن لە گەڵ دراوسێیە سوننە تازەکانیان.

پۆلێنکاری سیاسی لە ماوەی حەفتاکاندا بووە هۆی تەشەنەکردنی دوژمنایەتی نێوان سوننەکان و عەلەوییەکان، لە بەرئەوەی چالاکە راستڕۆ و چەپڕۆکان بە باشیان دەزانی کە سەر بە گرووپە بچووکەکان بن و وەك بنەمایەك بۆ ئامادەسازی وبزواندن سوودیان لێوەرگرن، ئیدی هەر لایەکیان بەدوای قۆچی قوربانی بوو لە لایەکەی تردا ("فاشیستە"سوننەکان لە بەرانبەر عەلەوییە "شیوعییەکان")، ئەوەبوو زنجیرەیەك پێکدادان لە نێوان سوننەکان و عەلەوییەکان هەڵگیرسا کەبوونە هۆی پابەندبوونی زیاتر بە عەلەوییەت[٤٥]. لە ناوچەکانی پێکدادانیشدا گرنگ نەبوو کە مرۆ کوردە یان تورك، چونکە ناسنامەی بنەڕەتی ئایینی بوو. کوردو تورك لە شەڕەکاندا بەشداربوون ئیدی لە گەڵ ئەم لایەنە بوایە یان ئەویتر، تا کارەکە وایلێهات بە راستی دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش بێتەئاراوە ئەویش ئەوەبوو کوردە سوننەکان پاڵپشتییان لە((پارتی کاری نەتەوەیی تورك)) کرد، کەچی ئەوعەلەوییانەی بە تورکی قسەیاندەکرد رایانگەیاند کە ئەوان کوردن.

دەیەی هەشتاکان زیندووبوونەوەیەکی رۆشنبیری و ئایینی بە جیاهەڵکەوتووی عەلەوییەکانی بە خۆیەوە بینی، وەك بەرەنجامێکی ناڕاستەوخۆ و ئاکامێکی چاوەڕوانکراوی ئەو رێوشوێنە سەرکوتکارانەی سەربازان لە دوای کودەتای ساڵی ١٩٨٠ گرتیانەبەر. ئاگرەکە چالاکی سیاسی

رادیکالانەی گرتەوە جا چ ئیسلامی یان مارکسی یا نەتەوایەتی بووایە، بەلاّم لە جیاتی پابەندببونی ووردی سەربازان بە عەلمانییەتی کەمالییەکان، سەربازان تێکەڵەیەکی نەتەوایەتی تورکی و ئیسلامی سوننەی محافەزەکاریان ئامادەکرد بەو ئومێدەی دەستیان بە پێش تەیارە ئیسلامییە رادیکالەکانیتربخەن و لە هەمانکاتیشدا قەلاّچۆی هزری مارکسی پێبکەن. بۆیە وانەی پەروەردەی ئایینی لە هەموو قوتابخانەکاندا بووە وانەیەکی زۆرەملێیانە و، دەوڵەت دەستیکرد بە مزگەوت دروستکردن لە هەموو ئەو گوندانەی خانەی عیبادەتییان تێدانەبوو. سەپاندنی ئیسلامی سوننی عەلەوییەکانی زیاتر بە ناسنامەی ناسوننیانەی خۆیانەوە چەسپاند. لەو کاتەیدا کە زۆربەی لاوانی عەلەوی لە حەفتاکاندا روویان لە چەپ دەکرد و، عەلەوییەتیان تەنها بە ناسنامەیەکی سیاسی دادەنا، ئەوا دۆخی تازە هانیدان عەلەوییەت بە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و ئایینی دابنێن.

جالییەی ئەو تورك و کوردانەی بۆ ئەوروپای رۆژئاوا کۆچیانکردبوو رۆڵێکی سەرەکی بینی لەم وەرچەرخانەی لاواندا. راستیەکەی هەوڵەکانی رێکخستنی ئەو جالییانە لەوەتەی شەستەکان و حەفتاکان دەستیپێکردبوو لە سەر دەستی ئەو کەسایەتییە چالاکانەی لە چاوگەی هزری جیاجیاوە سەرچاوەیانگرتبوو، بەلاّم کودەتای ١٩٨٠ لەم بوارەدا دووریانێکی رۆشن بوو، کە وایکرد بەشێکی زۆری ئەوانەی لە رووی سیاسییەوە بە ئەزموون و رێکخراوبوون وەك پەنابەر رووبکەنە ئەوروپا. دیارترینی ئەو گرووپانە، گرووپی موسڵمانانی سوننەی رادیکاڵ و نەتەوەگەرانی کورد و، ((پارتی کرێکارانی کوردستان))بوو، کە دەستڕۆیی بەرەبەرە لە زیادبووندا بوو بەجۆرێك کەس باری نەدەبرد. لەو ماوەیەدا رژێمی دەسەلاّتداری تورکیا هەوڵیدا کۆنترۆڵی خۆی بە سەر جالییەکاندا بەدەست بهێنێتەوە لە رێگەی ئەوەی کە پەیوەندی مزگەوتە گەورەکان بخاتە ژێرباری دەستەی ئایینیەوە.



وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەو چالاکییە روو لە زیادبوونەی سوننەکان لە تورکیا، عەلەوییەکان دەستیان بە خۆ رێکخستنەوە کرد دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژیان بەکپی و بێدەنگی بە سەربرد کە تەنانەت لایەنگری ئایینی خۆشیان دەشاردەوە. کۆمەڵە عەلەوییەکان خەریکبوو لێرەو لەوێ دادەمەزران و ئەو لاوانەیان بەرەو لای خۆیان رادەکێشا کە پێشتر لە نێو رێکخراوە چەپ و کوردییەکاندا دیاردەکەوتن. هەندێ رێکخراوی بچووکی چەپیش کە ئەندامەکانیان عەلەوی بوون، خەریکبوون ئەوانیش جەختیان لە سەر ناسنامەی عەلەویی بوونی خۆیان دەکردەوە لە تەك پابەندبوونیان بە مارکسیزم- لینینیزم و، بەو چاوەش سەیری عەلەوییەتییان دەکرد کە جۆرێکە لە ئوممەت و، هەروەها باسی ((عەلەوییستانیان)) دەکرد وەك نیشتمانێك بۆ عەلەوییەکان(٤٦).

ئەم چالاکییانەی کۆچگە (مهجر) هاندەربوون بۆ ژیانەوەی عەلەوییەت لە نێو تورکیاشدا، تاکو لیبراڵیزمی سیاسی لە کۆتایی هەشتاکاندا هات و رێگەیدا کۆمەڵەی ئایینی و کۆمەلاّیەتی عەلەوییان دابمەزرێ. ئیدی ئەو کۆمەلاّنە لەلایەن ئەو کەسانەی حکومەتەوە پشتیوانیان لێدەکرا کە لە بەرفراوانبوونی دەستڕۆیی حزبی(( رەفاهی ئیسلامی)) دەترسان و، مەترسیان لە زیادبوونی جەماوەری (( پارتی کرێکارانی کوردستان)) هەبوو. ئەو کەسانە هەوڵیاندەدا بێپەردە عەلەوییەکان رازیبکەن تاکو جیابوونەوەی ئەم تایفەیە لە دەوڵەت سووکتربکەنەوە و، رێگریش بن لە بەردەم فراوانبوونی قەڵمڕۆی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نێو کوردان و ئەو عەلەوییانەی بە زازایی دەدوێن(٤٧).

راستیەکەی ناوچەی عەلەوییە کوردەکان، دەرسیم، تاکە ناوچەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان تێیدا رووبەڕووی سەختی بۆوە تا جێپێی خۆی سەقامگیربکات. ناوچەی دەرسیم پارێزگای تونجەلی ئێستا و ناوچەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە و، دانیشتوانەکەی عەلەویین و، رێژەیەکی گەورەشیان بە زازایی دەدوێن. دەرسیم لەوەتەی شەستەکانەوە لە چەپی تورکیا نزیکترە زیاتر

تا له بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. راستیەکەشی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ریشەکەی بۆ چەپی تورکیا دەگەڕێتەوە، سەرەتا هەڵوێستێکی توندی هەبوو بەرامبەر بە ئایین، بەلاّم دواتر لە کۆتایی هەشتاکان بەرەو هەڵوێستێکی ئاشتبوونەوە لە گەڵ ئیسلامی سوننەدا وەرچەخا، وەك هەوڵێکی سەرکەوتووانە بۆ وەدەستهێنانی پاڵپشتییێکی بنکەیی لە ناوچە سوننیەکاندا. رۆشنە کە ئەم وەرچەرخانە هەرگیز نەیتوانی لە نێو عەلەوییەکاندا لایەنگری بۆ حزب وەدەست بهێنێت ، بەڵکو رەنگە ئەمە داخراوبوونی عەلەوییەکانی جێگیرترکرد و پتر بە ناسنامەی تایفەییەوە چەسپاندن. پاکتاوکردنەکان لە نێو ریزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا لە دەسپێکی نەوەدەکان دەستیپێکردو رووێکی دیاری سەرکردایەتی ناوچەی دەرسیمی لادا کە ئەمەش گومانی عەلەوییەکانی بەرامبەر بەpkk و نیازەکانی پترکرد، ئەگەرچی زۆربەی دەرکراوەکانی حزب عەلەوی نەبوون !

بەلاّم بە بۆچوونیpkk ، ژیاندنەوەی عەلەوییەت پلانێك بووە کە دەوڵەت دایناوە بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوکورداندا، بۆیە حزب بەوچاوە سەیری بانگهێشتکارانی عەلەوییەتی دەکرد کە بەکرێگیراوی حکومەتن. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا Pkk کۆمەڵەی عەلەوییەکانی دامەزراندن تا برەو بەوەبدات کە عەلەوییەتی کوردان جیاوازە لە عەلەوییەتی تورکان، چونکە ئەوەی یەکەمیان ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەبە ئێرانییەکان نەك مەزهەبە تورکییە دێرینەکان و، عەلەوییەتی تورکان هەمیشە لایەنگری دەوڵەتە. بەم شێوەیە دەبینین عەلەوییەتی کوردان خۆی پارچەپارچەکردووە و نازانێ سەر بەکام لایە، ئایا سەر بە نەتەوەی تورکە یان بە نەتەوەی کورد،یان سەر بە تایبەتمەندی عەلەوییەتە، یاخود سەر بە ناوچەگەرێتی تەسکترە؟[٤٨].

راستیەکەی سەقامگیرکردنی ناسنامەی بەجیاهەڵکەوتووی عەلەوییەت لە سایەی پێشکەوتنی سیاسییانەی لەم چەشنەدا بەهیچ شێوەیەك سەرنج وروژێن



نییە، چونکە گرووپە پەرتەوازەکانی عەلەوییان لەوەتەی چەندین سەدەوە سنوورێکی جیاکەرەوەیان هێشتۆتەوە، کە جیایاندەکاتەوە، لە سوننەکانی دراوسێیان جا سەر بە هەر هۆزێك یان هەر زمانێك بن. ئەوەی تازادەیەك نوێیە، گەلاڵەبوونی ناسنامەیەکی گشتگیرتری عەلەوییەکانە کە لە دابڕانی دەستە خۆجێییە جیاجیاکانی عەلەوییان رەتدەکاو، هەوڵدانێکە بۆ بنیاتنانەوەی باوەڕی عەلەوییەت و رێورەسمی عەلەوییەکان لە سەر ئاستێکی سەرووی خۆجێیەتی و، سەرهەڵدانی گوتارێك لە بارەی ئەوەی کە عەلەوییەت جۆرێکە لە گرووپێکی ئیتنی.

بەلاّم سەرهەڵدانی مەیلی نەتەوەیی زازایی شتێکی تەواو تازەیەو رووبەرووی بەرهەڵستکارییەکی توند دەبێتەوە لە لایەن بە شێکی زۆری ئەوانەی بە زازایی دەدوێن و سوورن لە سەردەستنیشانکردنی خۆیان لە لایەن خودی خۆیانەوەو خۆیان بەکورد دەزانن. هەوڵەکانمان بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو مەیلە پێویستە، دووبارە، هانمان بدات چاو بە جالییە کۆچبەرەکانی ئەورووپای رۆژئاوادا بخشێنینەوە لە جیاتی چاوخشاندنەوە بە باردودۆخی تورکیا (تەنها ئەوکاتە نەبێ، خودا نەخواستە، مرۆ لایەنگری تیۆری بەربلاّوی پیلانگێڕی بێت کە ئۆباڵی هەموو شتێك دخاتە ئەستۆی هەواڵگری تورکییەوە). گرنگ نەبوو مرۆ لە بنەڕەتدا بە کرمانجی یان زازایی بدوێت، چونکە لە تورکیادا هەموو زمانە خۆجێییەکان قەدەغەبوون (تا ساڵی ١٩٩١). بەلاّم لە ئەورووپادا داواکاری خوێندن بە زمانی دایك یەکێك لە داواکارییە بنەڕەتییەکان بوو کە چالاکانی کورد دەیانخستەروو لە پێناو سازدانی کرێکارە پەنابەرە کوردەکان، ئەمەش بەو مەبەستەبوو کە دان بەوەدابنرێت زمانی تورکی زمانی هەموو پەنابەرانی تورکیا نییە و، مندالاّنی پەنابەران لە قوتابخانەکاندا زمانی دایك فێربن. ئەم داواکارییە وایکرد ئەوانەی بەزازایی دەدوێن بخاتەبەردەم گرفتێکی سەخت: ئایا رازی دەبن مندالّەکانیان لە قوتابخانەکانی

ئەڵمانیدا زمانی کرمانجی فێربن لە جیاتی زمانی تورکی کە بە (زمانی دایك) دادەنرێت؟ هەندێك بەمە رازیبوون ، هەروەکو نەوەکانی پێشخۆیان فێری کرمانجی بوون بەو حسێبە کە زمانی فەرمی بووە لە ناوچە رەسەنەکانی خۆیان، بەڵام هەندێك تەنگایی هەر مایەوە، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەوانەی بە زازایی دەدوێن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن زۆر تەبانییە لەم پرسەدا.

ئەم پرسە کێشەیەکی دیکەی لێبوۆوە کە تۆوی دووبەرەکی چاند ئەویش بریتییە لە: پێویستە چ زمانێك بەکاربهێنرێت لەو گۆڤارە کوردییانەی بڵاودەکرێنەوە لە تورکیا, یان بە تایبەتی لە کۆچگەکانی ئەوروپادا؟ چەندین رۆژنامە لە شەستەکان و حەفتاکاندا دەرچوون کە زۆربەیان بە تورکی دەنووسران و تاو ناتاوێك هۆنراوەیەکیان بە کوردی بڵاودەکردەوە[٤٩]، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکاندا هەندێ چاپکراوی خوولی سەرچڵییان کردوو زۆربەی یا هەموو بابەتەکانیان بە کوردی بڵاوکردەوە، ئەمەش وەك هەمیشە بە دەستبەسەرداگرتن و راوەدوونانی پەخشکاران کۆتایی دەهات. لەم چاپکراوە کورت خایەنانە، گۆڤارێکی ئەدەبی دەردەچوو بە ناوی ((تیراژ))، کە بەشێکی بچووکی بە زازایی دەنووسرا[٥٠]. بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ لە ناو تورکیا راوەستا، بەڵام نووسەران و رۆژنامەوانان لە تاراوگەدا بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەدا، بە تایبەتیش لە سوید. چەندین پەیمانگەی رۆشنبیری کوردی لە ئەوروپا دامەزران و، جوڵانەوەیەکی بەرفراوانی زیندووکردنەوەی ئەدەبی کوردی لە ئەوروپادا سەریهەڵدا[٥١]. یەکەمین گۆڤاری جیددی ئەدەبی کوردی لە ئەوروپا، کە لە بڵاودەکراوەکانی ئەنستتیوی کوردییە لە پاریسدا، چەندین بەشی بە هەردوو شێوەزاری سەرەکی کرمانجی و سۆرانی لە خۆگرتبوو( کە بە پیتی لاتینی و عەرەبی نووسرابوونەوە). ئەنتلیجنسیای کورد تێکڕا دانیان بەوە داگرت کە یەك شێوەزاری سیستەماتیکی کوردی بوونی نییە و، ناکرێ بە سەر



دابەشبوونی جیۆسیاسی کورداندا زاڵبن تەنها بە بەکارهێنانی ئەم دوو شێوەزارە بنچینەییە نەبێت. گۆڤارەکە بەشێکی سێیەمیشی تێدابوو بە زازایی، کە گرفتێکی روونی ورووژاند[٥٢]. هەندێ لە ناسیۆنالستە کوردە دەستڕۆکان بە توندی رەخنەیان لەهەوڵەکانی پێشخستنی زازایی، وەك زمانێکی نووسراو، گرت و، لە رەخنەکانیان هەندێ بیانوویان هەبوو سەبارەت بەوەی کە داوادەکەن یەکگرتووبن و پێشکەون و لێنەگەڕێن دوژمنان ئوممەت پارچەپارچەبکەن و شتی لەو بابەتە، کە ئەمانەش بیانوویەکن زۆرجیاوازییان نییە لەگەڵ ئەوانەی تورك لە دژی بەکارهێنانی زمانی کوردی رایدەگەیەنن.

ئەم مشتومڕانە لە بارەی پێگەی زمانی زازایی و ئارەزووی پێشخستن یاخود زیندەبەچاڵکردنی ئاسەوارێکی قووڵی لە سەر بازنەیەکی بچووکی رۆشنبیرە زازاییەکان لە تاراوگەدا بەجێهێشت کە بووە هۆی لێکجیابوونەوەی دیتنەکان. گەلێك لەوان لە سەر خۆبە کورد زانین بەردەوامبوون، بەڵام داوایانکرد لە چوارچێوەی ئوممەتی بەرفراوانی کوردیدا دان بە ناسنامەی بەجیاهەڵکەوتنیان دابنێن. هەندێکی تریان بە تەواوی لە رێچکەی بزاڤی نەتەوایەتی کورد دوورکەوتنەوەو، دەیانگوت زازایی زمانێکی جیاوازە و زازاکانیش گەلێکی جیاوازن. ئەوەبوو لە کۆتایی هەشتاکاندا یەکەمین گۆڤاری زازایی سەریهەڵداو مۆرکەکەی بە هیچ شێوەیەك کوردی نەبوو، وتارەکانی بە زازایی و تورکی و ئینگلیزی بوون، بەڵام بە کوردی نەبوون و، ئاماژەیان بەوە دەکرد کە زازاییەکان گەلێکی جیاوازن و ناسنامەیان ماوەیەکی درێژە سڕاوەتەوە لە ئەنجامی نکۆڵیکردنی دەوڵەتی تورکی و تەنانەت نکۆڵیکردنی کوردانیش، گۆڤارەکە زاراوەی ((زازاستان))ی، وەك ناوێك بۆ نیشتمانی دێرینی ئەو ئوممەتە، بەکارهێنابوو[٥٣]. سەرەتا ئەو گۆڤارە ئەڵقەیەکی بچووکی خوێنەرانی هەبوو، بەڵام کاردانەوە تورەکانی کوردان بەرامبەر بە گۆڤارەکە وایان نیشاندەدا کە گۆڤارەکە کێشەیەکی ورووژێنەر دەخاتەڕوو، ژمارەی ئەو

خوێنەرانەش کە لایەنگری دەکەن روو لەکەمبوون دایە. بەڵام پێدەچێ بۆچوونەکانی نێو گۆڤارەکە لە مەڕ ئەوەی کە گوایە زازاییەکان لە دوو لادا دەچەوسێنەوە دەنگۆیان هەبوبێت لەلایەن لایەنگرانی. تا ئێستاکە هیچ بەڵگەیەك سەبارەت بە هەبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی زازایی رێکخراو لە ئارادا نییە، بەڵام چالاکییەکانی بلاوکردنەوە روو لە زیادبوونە.لەم ماوەیەی دواییدا مشتومڕەکانی تایبەت بەوەی کە زازاکان گەلێکی جیاوازن یان نا کزبوونەوە، کەچی بەرهەمێکی بەرفراوانی ئەدەبی بە زازایی بوونی هەیە کە زۆربەی لە ئەوروپادا بلاودەکرێتەوە[٥٤] و، ئەدەبێکە لە بەشی زۆریدا خۆبەدووردەگرێ لەوەی بچێتە نێو مەسەلەی زازاکان و پەیوەندیی بە ئیتنیکی کوردانەوە. بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانە سەر بە کۆمەڵە و حزبە کوردەکان مانەوە و، پێدەچێ سەرکەوتن بەشی ئەوانە بووبێت کە داوایان دەکرد دان بە زازاکان دابنرێت وەك گرووپێکی رۆشنبیری لکی یان کۆمەڵێك رۆشنبیری لکی[٥٥].

## کۆتایی

ئیتنیکی کوردان لە ماوەی سەدەی بیستدا کەوتەژێر باری کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی وەکو: کاریگەرییەکانی بنیاتنانی ئومەت لە تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا و، پێشکەوتنی گەیاندن و بەرفراوانبوونی فێربوون وبلاوبوونەوەی ئەلف وبێ (لایەنی کەم بە زمانە فەرمییەکان)و، پتربوونی جووڵەی جوگرافی و کۆمەلایەتی و، چوار دەیە لە تێکۆشانی سیاسی و سەربازی حزبە نەتەوایەتییەکانی کورد و، تێکشکانی لایەنی زۆری ژیانی گوندنشینی تەقلیدی و، سەرهەڵدانی جالییەکی گرنگی کوردان کە خودان رۆشنبیرییەکی پایەبەرز و چالاکییەکی سیاسی دەنگۆدارە. ئەمەو زۆربەی کورد لە هەردوو لایەنی کۆمەلایەتی و ئابووریدا پتر ئاوێتەی یەکتربوون لەو ولاتانەی کە تێیدا جێنشینن، بەڵام ئەمە هەرگیز ئیتنیکی کوردی لاواز نەکردووە. راستی ئەوەیە، ئیتنیك، تارادەیەك، بوو بە پرسێکی تایبەت بە خودی ئەو کەسە، هەندێ لە کەسایەتییە گەورەکانی سەدەی بیست، وەکو زیا گۆك ئەلپ و، شوکری سەگبان، هوشیاربوون بەوەی مرۆ دەتوانێ ناسنامەی ئیتنیکی خۆی هەڵبژێرێ، بۆیە بانگەشەیان بۆ ئەوە کرد کە تورکی وەك ناسنامە و ئینتیما هەڵبژێرن لەو باوەڕەوە کە ئەم ناسنامەیە بواری فراوان بۆ پێشکەوتن والادەکات[٥٦]. حکومەتی تورکیا، هەروەها هەردوو حکومەتی عێراق وئێران بەڵام کەمتر، فشاری جۆراوجۆریان دەخستە سەر کوردان و گرووپە ئیتنییەکانی تر تاکو قەناعەتیان پێبهێنن هاوپەیمانبن لە گەڵ ئیتنیکی بالادەست. ئەم هەولانە

تارادەیەك سەركەوتووبوون، چەندین كورد توێنرانەوە، بەلاّم ئەو كوردانەی توانەوەیان رەتكردەوە لە توركیا و عێراق و ئێراندا جیاوازن لە گەڵ یەكدا پتر لە پێشینانیان.

ئەم پرۆسەی ئاوێتەكردنە لە دەوڵەتانی غەیرە كوردی، هوشیاری بە هەبوونی ناسنامەیەكی هاوبەش لە نێو كوردی ناوچە و شێوەزار و باوەڕە جیاوازەكانەوە سەقامگیرتركرد ، بێئەوەی بەتەواوی بەجیاهەڵكەوتوویی گرووپە لكییەكانی نێو كوردان لابەرێت. لێرەدا ئاوێتەبوونێكی ((شاقوڵی)) لە ئیتنیكی كوردانـدا روویدا: ئاوێتەكردنی گرووپەكانی جووتیارانی هۆزگەر، كە پێشتر بە كورد دانەدەنران، هەموویان بوونە بەشێكی جیانەكراوە لە ئیتنیكی كوردان، بەڵكو هەندێ گرووپی مەسیحیش ئاویتەی ئیتنیكی كوردان بوون . چینێكی ناوەندی رۆشنبیری كوردی فراوان و، بوارێكی گشتی كوردی هەیە، تارادەیەك تەنها لەگەڵ بوارە گشتییەكانی توركان و فارسەكان و عێراقییەعەرەبەكان تێكدەئاڵێ. رۆشنبیرانی كورد سومبولە پێكهێنەرەكانی ئیتنیكی كوردیان داهێنا: نووسراوەكانی مێژوو، زمانەوانییەكان، لێكۆڵینەوە فۆلكلۆرییەكان، دواتریش كە گرنگترە، شیعرو پەخشانی ئەدەبی. بەلاّم بزاڤە سیاسییەكان رۆڵی خۆیان لەوەدابینی كە سنووری ئیتنیكی بە جیاهەڵكەوتووی كورد لە گرووپە ئیتنییە بالاّدەستەكانی ئەو ولاّتانەی ناویان هاتووە جیابكەنەوە.[٥٧] بەلاّم دابەشبوونی ناوەخۆ لە نێو كورداندا هەرمایەوە و، پێدەچێت هەندێ لە سنوورە ئیتنییەكانی ناوخۆ بەهێزێكی زیاترەوە سەریانهەڵدابێتەوە لە ماوەی دەیەكانی رابردوودا و، هەروەها پێشكەوتنی هۆیەكانی گەیاندن وگواستنەوەو زیادبوونیان لە نێو كوردانی ناوچە جیاجیاكان و گرووپە رۆشنبیرییە لكییەكان راستەوخۆ نەبووبێتە هۆی سازاندنی رۆشنبیری كوردی. بە هەمان شێوە پێدەچێ بەرزبوونەوەی بەرچاوی ئاستی هوشیاری كوردان نەك هەر تەنها بەرامبەر كوردبوونی خۆیان بووبێت، بەڵكو لە ئاستی هوشیاری گرووپە لكییەكانی نێوخۆی كوردانیشدا بووە بەرامبەر بە خۆیان وەك گرووپگەلێكی لكی یان بۆ ئەو گرووپانەی پەیوەندییەكی ناكۆكیان هەیە لەگەڵ ئیتنیكی كوردانـدا . كەچی سەرباری ئەمەش لێبووردەیی بەرامبەر فرەیی بە



شێوەیەكی بەرچاو لە نێو كۆمەڵگەی كوردەواریدا گەشەیكرد و، دەشیبینین كە حزبێكی پڕ ناوەندێتی و خۆسەپێنی وەك پارتی كرێكارانی كوردستان مەیلی برەودانی نییە بە رۆشنبیریەكی یەكگرتووی كوردی ، بەڵكو پێشوازی لە هەمەڕەنگی رۆشنبیری كوردی دەكات و بۆ هەر گرووپێكی لكی یان هەر كەمایەتییەكی رۆشنبیری رێكخراوێكی لكی دامەزراندوە و بوارێكی رۆشەنی بۆ هەموان لە راگەیاندنی خوێنراو و بینراو و بیستراوی خۆیدا دابینكردووە . هوشیارییەكی رۆشن لە نێو كورداندا هەیە كە كۆمەڵگەكەیان مۆزائیكێكە زۆربەی پێكهاتەكانی دان بەوە دادەنێن كە سەر بەو گشتەن. بەلاّم هەندێك لە پێكهاتەكانی وەكو پێویست دان بەمە دانانێن و، سنوورە جیاكەرەوەكانیش گۆڕانیان بە سەردادێت، بەلاّم كۆمەڵگا هەمیشە وەك مۆزائیكێك دەمێنێتەوە.

# پەراوێزەکان

١- ئەم باسگەیە پێشتر لە دەقێکی فەرەنسیدا بلاّوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی:

Nationlisme Kurde et ethnicities intra-kurdes

Pueples Mediterranees no.٦٨–٦٩(١٩٩٤) ,١١–٣٧

٢- پرۆفیسۆر لە زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا، لە زانکۆی ئوترختی هۆڵەندا.

3- Martin van Brunessesn,Genocide of kurds, in :Israel W.Charny(ed),The Widing Circle of Genocide{=Genocide:A Critical BiblographicReview,vol 3- (New Beunswick, N Y: Transaction Publishers, 1994) pp.165-191.

٤- ٢٢١٩٥٤٧٤ کەس کرمانجییان بە زمانی دایکی خۆیان زانیوە و، ١٧٥٣١٦١ کەسی دیکە بە زمانی دووەمی خۆیان زانیوە. ڕەنگە لە نێو هەردوو ئەوانەشدا کەسانێکی زۆریش هەبووبن لە وانەی بە زازایی دەدوێن. ١٥٠٦٤٤ کەسیش زازاییان بە زمانی یەکەمی خۆیان زانیوە و، ١١٢٧٠١ کەسیش وەکو زمانی دووەمی خۆیان داناوە. بۆ زانینی شیکردنەوەیەکی قووڵ لە بارەی ڕاگەیاندراوەکانی ئامارەکانی دانیشتوان لە ١٩٣٥- ١٩٦٥ و بەراووردکرنی لەگەڵ ساڵی ١٩٩٠ بڕوانە:

Servet Mutlu,(Ethnic Kurds inTurkey:a demographic study. International Jornal of Middle East Studies 28(1996),517-541.

٥- بۆنموونە لە هەرێمی تونجەلی(دەرسیمی پێشوو)، کە زۆرینە لەوێدا بە زازایی دەدوێن، ئاماری ساڵی ١٩٦٥ تەنها حەفت کەسی تۆمارکردووە کە بە زازایی دەدوێن وەك زمانی ڕەسەنی



خۆیان لە کۆی پتر لە ١٥٠ هەزار کەس کە دانیشتوانی ئەوێن، نزیکەی نیوەی دانیشتوانیش گوتوویانە کە زمانی دایکیان کوردییە.

٦- Martin van bruinessen,(Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems), in: Philip G keryenbroek& Stefan sperl(eds),The kurds, a c ontemporary overivew (London: Routledge, ١٩٩٢),pp. ٣٣–٦٧.

٧- بە هەمان شێوەش ئەو هۆزە کوردانەی کە ناویان دێت لەو شوێنانەی کە دوورن لە ناوچەکە، وەکو خۆرئاوای ئەنادۆڵ و ڕۆژهەلاّت و باکووری ئێران. بەلاّم سەرجەم ئەو هۆزانە یادەوەری کۆچ و ڕەوی باپیرانیان لە یادە لەو ناوچەیەی پێشتر باسمان کرد. بۆ زانینی زیاتر لە بارەی باسێکی گشتی ئەو هۆزانەی وەك هۆزی کوردان پۆلێن کراون بڕوانە:

Mark Sykes, ( The Kurdish tribes of the Ottoman Empire), Jornal of the Royal Anthropological Institute 38(1908), 451-486.

٨- V.Minorsky,(Les origines des Kurds), Actes du Xxe congres international des orientalistes(Louvain, ١٩٤٠), pp. ١٤٣–١٥٢

٩- (D.N MacKenzie ,(The Origins of Kurdish), Transactions of the ٩) Philogical Society, ١٩٦١, ٦٨-٨٦ .

ماك کینزی پسپۆڕێکی ئەکادیمییە لە وانەی زانستی زمانەوانی بە پێچەوانەی مینۆرسکی، بەلاّم نوێشکی باسەکەی پشتدەبەستێت بە بژاردنی ژمارەیەکی بچووکی ئەو هێڵە جوگرافیانەی کە سنووری ئەو ناوچانە دەستنیشاندەکەن کە هەریەکیان زمانێکی جیاهەڵکەوتووی هەیە و، دوور نییە بژاردنی هەندێ هێڵی دیکە بەرەنجامی جیاوازی لێبکەوێتەوە.

١٠- ئەم نموونانە وەرگیراون لە:

E.J Hobsbawm , Nation and nationalism since 1780(Cambridge University Press, 1990), pp60-1 .

١١- هەندێ جاران ئەوانەی بە کرمانجی دەدوێن دەڵێن ئێمە بێسەختی لە زازایی دەگەین، لەوانەیە مەبەستیان بێت کە هەندێك وشە تێدەگەن ، ئەمەش کارێکە مایەی سەرسوڕمان نییە، چونکە زۆر جاران کە داوایان لێدەکرێت تەنانەت یەك بڕگە یان یەك دێڕ لە دەقێکی زازایی زارەکی یان نووسراو وەربگێڕن هەست بە شەرمەزاری دەکەن.

١٢- لە بارەی ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا بڕوانە:

Martin van Bruinessen , (Religion in Kurdistan), Kurdish Times(Brooklyn, NY), vol. 4 no. 1-2, 1991, 5-27 and {Introduction: The Kurds and Islam}, Les annales de l,autre islam , no. 5(1998), 13-35, both repinted in Mullas , Sufis and heretics: the role of religion in Kurdish society. Colleted articles (Istanbul: The Isis Press, 2000); Philip G. Kreyenbroek, (Religion and religions in Kurdistan), in : Christine Allison and Philip G. kreyenbroek (eds.) , Kurdish culture and identity (London: Zed Books, 1996), pp. 85-110;idem, {On the study of some heterodox sects in Kurdistan}, Les annales de l,autre Islam 5(1998), 163-184.

13- Wolfgang Rudolph, {Einige hypothestische Ausfu hrungen zur kultur der Kurden}, Sociologus 9(1959), 150-62; Wolfgang Hutteroth, (Beobachtungen zur Sozialstruktur kurdischer St?mme im? Stlichen Taurus), Zeitschrift fur Ethnologie 86(1961), 23-42.

١٤- Fredrik Barth, (Pathan identity and its maintenance ),in: Fredrik Barth(ed.), Ethnic groups and boundaries Boston;Little,Brown & Co,١٩٦٩},pp.١١٧-١٣٤ لە خوارەوە تێروتەسەلتر بۆچوونەکەی بارت Barth. دەخەینە بەرباس کە دەڵێت ناسنامەی گرووپە ئیتنییەکان بە ڕۆشنبیری ئەو گرووپانە دەسنیشان ناکرێت



بەڵکو بەو سنوورانە دەسنیشان دەکرێت کە لەوانی دیکە جیایاندەکەنەوە ، لەم ڕایەو هی دیکەشیدا پشت بەم بۆچوونەو تێبینی هاوشێوە دەبەستێت.

١٥- بڕوانە چارەسەرکردنی ئەم توێژە ناهۆزەکییانە لە:

Martin van Bruinessen, Aga, Shaikh and state : the social and political structures of Kurdistan(London: Zed Books, 1992), 105-121.

١٦- لە بارەی ئەم بابەتەوە بڕوانە ئەو لێکۆڵینەوە نایابەی ئەمیری حەسەن پوور ئەنجامیداوە لە:

Hassanpour Amir:{Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985(San Francisco:Mellen Research University Press,1989).

١٧- تیبینی سەرنجڕاکێش دەدرێتە پاڵ سەرۆك ویلسون لە بارەی بەکارهێنانی ڕەمەکییانەی بۆ چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس کە لە قسەکانی ئەندامی ئەنجومەنی پیران(دانیال پاتریك مووینهان) دان، هاتبوو: Senator Daniel Patrick Moynhan Pandaemonium : ethncity in international politics (Oxford University Press, 1993), Chapter 2 (titeld ,On the{Self-determination of peoples).

١٨- لە یەکەمین و ناودارترین گوتاردا کە ستالین لە نێوان ساڵانی ١٩١٢- ١٩١٣ دا، نووسی و بڵاوکرایەوە لە بارەی بابەتی(( مارکسیزم و پرسی نەتەوایەتی))، ستالین بەم شێوەیە پێناسەی ئوممەت دەکات کە( گرووپێکی جێگیرە، لە ڕووی مێژووییەوە پێکهاتووە و پێکهاتنەکەی لە سەر بنەمای هەبوونی زمانێکی هاوبەش و خاکێکی هاوبەش و ژیانێکی ئابووری هاوبەش و پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی بووە کە لە ڕۆشنبیرییەکی هاوبەشەوە دەستپێدەکات))، ستالین لەو کتێبانەی خوارەوەیدا (کە کۆکراونەتەوە لە: Joseph Stalin, Marxism and the national-colonial qustion .Sanfrancisco: Proletarian Publishers١٩٧٥) لە بارەی ئەم بابەتە هەرگیز هەوڵینەداوە پێناسەیەکی پێشکەوتووتر پێشکەش بکات.

١٩- بەڵام لە شەستەکان و حەفتاکاندا چالاکانی کورد لە ئێران و تورکیا و سووریای دراوسێ بە ڕێکوپێکی سەردانیان دەکرد یان بۆ ماوەوە دەهاتنە((ناوچە ئازادکراوەکان))ی کوردستانی عێراق. لە حەفتاکانیشدا هەردوو حزبەکەی بارزانی و تاڵەباتی وەکو یەك پەیوەندی تایبەتیان

بەستا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی براکانی تورکیا و ئێران بەمەش لە هەمان کاتدا مەبەستیان بەئەنقەست ناردنە دەرەوەی ململانێکانیان بوو. ئامانج لەم هاوکارییەش پشتیوانیکردنی تێکۆشانی کوردانی عێراق بوو نەوەکو ڕێکخستنی چالاکی نەتەوایەتی کوردان بە شێوەیەکی گشتی.

20-- Martin van Bruinessen, {Turkey, Europe and the kurds after the capture of abdulla Oalan},in:idem, Kurdish ethno-nationalism verusus nation-building states. Collected articles (Istanbul: The Isis Press,2000),pp.277-288.

21-Fredrik Barth,(International),in: Fredrik Barth (ed.), Ethni groups and boundaries (Boston :Little,Brown &Co., 1969), pp.9-38.

22- Faruk Demitas,(Bozulus hakkinda ), Ankara Uneversitesi Dil ve Tarih Cografya Fakultesi 7 (1949) , 29-60 ;Tufan Gunduz, Anadolu,da Tukmen asiretleri: Bozulus Turkmenleri(1540-1640).Ankara: Bilge Yayinlari, 1997

٢٣- زۆربەی ئەو هۆزانەی کە ئاماژەیان بۆ دەکرێت کە گوایە(کوردی تورکمانن)یان **Ekrad** ( Yorkani) **ین، ناویان هاتووە لە:**

Cevdet Turkay, Basbekanlik arsivi belgeleri,ne gor Osmanli Imparatorlugu,nda oymak , asiret ve cemaatlar(Istanbul: Tercuman,١٩٧٩).

24- Sykes ,{The Kurdish tribes of the ottoman Empire}, Jornal of the royal Anthropological Institute 38 (1908),p.473.

بەڵام دۆخەکە گۆڕانی بە سەرداهات و زۆرینەی ئەو(مەحلامییانەی)کە هێشتا لە ناوچەکەدا دەژین خۆیان بە عەرەب دەزانن نەك کورد، بەڵام زۆر لەوانەی بۆ لوبنان کۆچیانکرد لە ناوەڕاستی



سەدەی بیستدا هێشتا مەیلی ئەوەیان ماوە کە خۆیان بەکورد ئەژماربکەن لە بەرامبەر دراوسێیە عەرەبەکانیاندا.

٢٥- بۆنمونە بڕوانە :Sykes,(The Kurdish tribes), pp.٤٦٩-٤٧٣-٤ .

٢٦- بەم شێوەیە بەیاناتی دانیشتوانی هەرێمی(( ئاوەدانی ئەلعەزیز))، (کە دەرسیم و هەربوت و مەلاتیای دەگرتەوە)، کە جوینیت Cuinet لە کتێبەکانی ئاماری ساڵانەی عوسمانییەکان(ساڵنامە) کۆی کردبوونەوە، موسڵمانان و قزلباش و کورد وەك توێژی سەرەکی دانیشتوان ناونووسکراون لە تەك تایفە جیاوازەکانی مەسیحییان. بە پەسند دەزانرێت کە توێژی موسڵمانان جووتیارانی ناهۆزەکی و هەروەها زۆرینەی دانیشتوانی شارەکانیش بگرێتەوە بێئەوەی **زمان ڕەچاوبکرێت.بڕوانە:** Vital Cuinet, La turquie d,Asie. Geographie administrative, tome II(Paris: Leroux, ١٨٩٢), pp. ٣٢٢ff.

٢٧- بۆ نموونە بڕوانە کتێبەکەم: Agha , shaikh and state, pp.١٠٧, ١١٧-٨ .

٢٨- لەوانەیە ناوی ((کورد))لە بنەچەدا ئاماژە بێت بۆ گرووپێکی کۆچەر نەك بۆ ناسنامەیەکی ئیتنی دیارکراو لە رووی زمانەوە. نووسەرانی عەرەب لە چاخەکانی ناوەند هەندێ جاران ناوی وەك((کوردە عەرەبەکان))یان، بەکاردەهێنا بۆ ئەو گرووپە کۆچەرانەی کە پێدەچێت هیچ پەیوەندییەکیان نەبێت بەو کوردانەی ئێستاکە ناسنامەی ئیتنیان وەك کورد دەسنیشانکراوە.

٢٩- ئەوەی کە نهێنییەکی تێدایە ئەوەیە کە زیا گۆك ئەلپ لەو لێکۆڵینەوەیدا کە لە بارەی هۆزەکانی کورد ئەنجامیداوە(لە نێوان ١٩١٠ و کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٢٤ نووسراوە, بەڵام تا ساڵی ١٩٧٥ بلاْونەکراوەتەوە) ئەوانەی بە زازایی دەدوێن بەکورد داناوە: Ziya Gokalp,Kurt asiretleri hakkinda sosyalojik tetkikler (Istanbul: Sosyal (Yayinlar,١٩٩٢

30- ZiyaGokalp,Turklesmek,Islamlasmak,Mu,asirlasmak (Turkiscisation,Islamisation,Modernisation ئەم دەقە لە ساڵی ١٩١٨ بلاْوکراوەتەوە ، بەڵام هەندێك بابەتی تێداهەبووە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٣ بەدواوە لە گۆڤاری Turk Yurdu. بلاْوکراوەتەوە.

31- Martin van Bruinessen , Agha, shaikh and state, pp.257-81; Ismail Gldas, Kurditan Teali Cemiyeti(Istanbul:Doz,1991); Janet Klein, Claiming the nation: the origins and nature of Kurdish nationalist discourse : a study of the Kurdish press in the Ottoman Empire (MA thesis, near Easter Studies, Prnceton University ,1996); Hakan Zoglu, { Nationalism,and Kurdish notables in the late Ottman-early Republican era},International Jornal of Middle East Studies 33 /2001, pp. 383-409.

٣٢- دواتر لە سییەکاندا، کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد(خۆیبوون- Khoybun ) مۆرکێکی ئایدیالیستانەی بەخشییە ئێزیدیاتی وەك ئەوەی ئایینی راستەقینەی کوردانە، بەڵام ریزەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئێزیدی ناسراوی تێدانەبوو.(هەندێ لە سەرچاوەکانم لەوباوەڕەدان کە (حاجۆ- Haco) سەرۆکی هۆزی (هەڤرەکان- Heverkan)و، ئەندامی کۆمەڵەی خۆیبوون ئێزیدی بووە بەڵام بە ئاشکرا ئایینەکەی رانەگەیاندووە،کەچی نەوەکانی بەتوندی ئەمە رەتدەکەنەوە).

٣٣- ناسیونالستە کوردەکان هەمیشە لەو رایەدابوون کە گۆك ئەلپ لە هەقیقەتدا کوردەو، لە ماوەیەکی نزیکتریشدا دەگوترا کە لە زازاکان نزیکترە. بڕوانە: Zilfi Selcan, Zaza milli meselesi hakkinda (Ankara: Zaza Kulturu Yayinlari, ١٩٩٤), p.٣.Both claims are based on the fact that Gokalp... هەردووبۆچوونی سەرەوە بۆ ئەو راستییە دەگەڕێنەوە کە خانەوادەی گۆك ئەلپ لە بنەچەدا خەڵکی ناوچەی (چەرموك)ن، لە بارەی پەیوەندی راڕایانەی گۆك ئەلپ بەئەگەری ریشەی کوردبوونییەوە بڕوانە:

Rohat, Ziya Gukalp,in buyuk cilesi Kurtler(Istanbul: Firat yayinlari, 1992 ).

34- Anthony D. Smith ,The ethnic origins of nations (Oxford: Blackwell, 1986); idem,{The origin of nations }, Ethnic and Racial Studies 12 (1989), 340-67; idem, National identity(London: Penguin Books,1991).

رۆشنە کە ئەم نووسراوانە قەرزباری کارە پێشەنگەکەی (ئێرنست گیلنر- **Ernest** Gellner)ن، کە لە ژێر ناونیشانی: (Nations and nationalism) Oxford:Blackwell,١٩٨٣



بەڵام لە رووی وەسفی مێژوویی بەردەست زۆر لەمە دەوڵەمەندترن.

٣٥- لە لاپەڕەی(١٤)ی کتێبەکەیدا (National Identity) ئەنتۆنی د. سمیس ئەم پێناسەیەی خوارەوە لە بارەی ئوممەت دەخاتە بەردەست: ((کۆمەڵە مرۆڤێکی ناونراون خودان خاکێکی مێژوویی هاوبەش و میتۆلۆجیای هاوبەش ویادگەیەکی مێژوویی هاوبەش و رۆشنبیرییەکی جەماوەری گشتی هاوبەش و ئابوورییەکی هاوبەش ومـاف و ئەرکی قانوونی هاوبەشن بۆ تێکڕای تاکەکانی)).

٣٦- تێبینییەکی ژیرانە هەیە لەم بارەیەوە لە: Serif Mardin,{Center- periphery relations: A key to Tukish politics}, Daedalus ١٠٢ (١٩٧٣), ١٦٩-١٩٠.

37- Abbas Kelidar(ed.) The integration of modern Iraq(London: Croom Helm, 1979); Philip C. Salzman,{National integration of the tribes in modern Iran }, Middle East Jornal 25 (1971), 325-336>

٣٨- لەناوچەی جیاجیا لە کوردستاندا هەندێك گرووپ هەن بیریان دێتەوە کە ئەرمەنی یان نەستوری بوونە و، هەندێ لە تاکەکانی ئەم گرووپانە بوونەتە ئیسلام بەر لە کوشتارەکەی ١٩١٥ کەچی هەندێکی دیکەیان پێدەچێ دواتر بووبنە ئیسلام تاکو خۆیان دەربازبکەن لە قڕان یان کۆچپێکردن. ئەم گرووپانە بەکوردی دەدوێن لەوانەیە زمانی دایکی هەندێکیشیان کوردی بووبێت تەنانەت بەر لەوەی بچنە ناو ئایینی ئیسلام.

٣٩- بەم شێوەیە هەندێ لە سەرۆکانی هۆزی (کۆچەری- **Kocgiri** )، کە هۆزێکی گەورەی عەلەوییانە لە خۆرئاوای دەرسیم(ئێستا ناوچەی زازاکانە و سەر بە هەرێمی سیڤاسە- سیواس)، لە سالآنی ١٩٢٠ و ١٩٢١ دا نامەیان نارد بۆ کۆمەڵەی نیشتیمانی کەمالییەکان تێدا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن لە سەرئەو بنەمایەی کە ئەوانیش لە کوردانن . ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی یەکەمین شۆڕشی کورد لە دژی کەمالیستەکان: بڕوانە:

M.Nuri Dersimi , Kurdistan tarihinde Dersim(Halep:Ani Matbaasi, 1952),p. 129; Hans Lukas Kieser, {Les Kurdes Alevis et la question identitaire: le

sou levment du Kocgiri-Dersim(1919-1921)}, Les annales de l,autre Islam 5 (1998), 279-316, esp. 299-303.

٤٠- پێدەچێ ئەمە ڕێبژاری(خیار) هەردوو هۆزی(خۆرمەك و لۆلان)ی عەلەوییان بوبێت لە ناوچەی ڤاراتو، کە هەردووکیان لە ساڵی ١٩٢٥ دا بەدری لە دژی شۆڕشی کوردانە و(سونییانە)ی، شێخ سەعید جەنگان. بۆچوونی سەرانی هۆزی خۆرمەك لەرووداوەکاندا ئەوەبوو کە گوایە ئەوان لە ڕەچەڵەکی ڕاسەقینەیاندا تورکن، بڕوانە:

Merif Frat, Dou illeri ve Varto tarihi (Ankara, 1945 and numerous repints ). The self-view of the Lolan elite as [real Turks] is expressed in: Burhan Kocadag, Lolan oymagi ve yakin cevre tarihi(Yalova,prevately published, 1987).

٤١- دەستووری عێراق دان بە دوو نەتەوە دەنێت کەئەوانیش کوردو عەرەبن، لەگەڵ ئەوکەمینانەی دەسنیشان نەکراون، بەڵام دەسەڵات لە ڕاستیدا هەموو کەمینەکانی بە عەرەب ئەژماردەکرد. لە ساڵی ١٩٨٧ کاتی هەڵمەتی جینۆساید، کە ناوی (ئەنفال)ی لێنرا، ڕژێمی بەعسی عێراق ئامارێکی ئەنجامدا کە دەبوا هەرکەسێك ئاماژە بەوە بکات کە کوردە یان عەرەب، بە جۆرێك تەنها ئەو دوو نەتەوەیە لەبەردەم کەسەکاندا ڕێگەپێدراو بوون تاکو ناسنامەی خۆیان دەسنیشانبکەن. ئەوەبوو ئێزیدییەکان و زۆران لە مەسیحییەئاشورییەکان کوردیان هەڵبژارد. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناڤین Middle East Watch لەو باوەڕەدایە کە ئەم خیانەتە لە ئومەی عەرەب هۆکاری کۆکوژی ئێزیدییان وئەو ئاشوریانە بوو کە دوای هەڵمەتی ئەنفال درانەوە دەست سوپای عێراق. بڕوانە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکە:

Genocide in Iraq: The Anfal campaign against the Kurds(NewYork: Human Rights Watch, 1994).pp. 312-7.

٤٢- فەیلییەکان تاکو حەفتاکان گرووپێکی شیعی گەورە و بوژاوەبوون کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ خۆرئاوای ئێران، زۆرینەی تاکەکانی لە بەغداو شارە گەورەکانی دیکەی بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عێراقدا دەژیان. شێوەزارێکی فەیلی هەیە پەیوەندی بەکوردی باشوور و لوڕییەوە هەیە، بەڵام زۆران لە فەیلییەکان لە عەرەبی بەولاوە قسەیان بەهیچ زمانێکی دیکە نەدەکرد.



زۆرینەی فەیلییەکان هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نەبوون وێڕای ئەوەی کە چەندین نەوە پێشتر لە عێراقدا دەژیان. لە حەفتاکان و هەشتاکاندا نزیکەی ١٠٠ هەزار فەیلی بۆ ئێران ڕاگوێزران. بڕوانە:

Monir Morad, (Kurdish ethnic identity in Iraq), in: Turaj Atabaki and Margreet Dorleijn(eds), Kurdistan in search of ethnic identity(Utrech: Houtsma Foundation, 1990),70-8; and Ali Babakhan, Les Kurds d,Irak: Leur histoire et leur departation par le regime de Saddam Hussein (Paris:privately publlished1994).

لە نێوەڕاستی حەفتاکاندا گەلێك لە فەیلییەکان پۆستی سەرکردایەتییان هەبوو لە بزووتنەوەی کوردەکانی عێراقدا و گەلێ لە فەیلییە سەروەتمەندەکان باربووی بزووتنەوەکەیان دەکرد.

٤٣- ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو سەرکردانە ، لە ناوچەکانی خۆیاندا، لە لایەن هەموو دانیشتوانەوە پشتگیرییان لێدەکرا، یان لە لایەن زۆرینەوە لایەنگریان لێدەکرا. لە ناوچەی سلێمانیدا کە زۆربەی سەرکردەکانی (ینك) سەر بەو شارەن و حزبەکە لەوێدا فرراوانترین لایەنگری لێدەکرێت، جگە لە بەشێکی ئەو ناوچەیە نییە کە بە سۆرانی دەدوێن. تەنانەت لەم ناوچەیەشدا ئەو لایەنگرییەی لە(حدك) دەکرێت بێبایەخ سەیری ناکرێت. ناوچەی هەولێر کە ئەوێش هەر بە سۆرانی دەدوێن، لە کاتێکی زۆر لەوەو پێشەوە ناوچەیەکی جیاکەرەوە پێکدەهێنێت لە نێوان سلێمانی و بادیناندا، هەردوو حزب قەڵەمڕۆیان لەم شارەدا هەیە بێئەوەی هیچ کامیان بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. لە سەرەتای ١٩٩٦ ەوە هەولێر کەوتە سنووری ئەو ناوچەیەی کە (حدك)کۆنترۆڵی دەکات.

44- (Michiel Leezenberg, (Irakisch-Kurdistan seit dem Zweiten Golfkrieg), in Carsten Brock, et al.(ede.), Ethnizit,Nationalismus, Religon und politik in Kurdistan (Munster: Lit, 1997),pp.45-78; David McDowall, A modern history of the Kurds, revised ed.(Lonodn: I.B.Tauris,2000),pp. 387-91

٤٥- له بارەی شەڕەکانەوە بڕوانە:

?mer Laciner, (Der Konflikt zwischen sunniten und Aleviten in der Turkei), in: Jochen Blaschke &Martin van Bruinessen(eds), Islam und Politik in der Turkei (Berlin: Parabolis, 1989),pp. 233-54.

٤٦- ناوی ((عەلەوییستان))نم، بۆ یەکەمین جار لە رۆژنامەی (حورییەت)ی تورکی بینی لە سالّی ١٩٧٦دا، لە راپۆرتێکدا کە لە بارەی کرداری تێکدەرانە لە ئەڵمانیا بلاّوکرابۆوە. گوایە هەندێ ((ماوی))لەوانەی دوژمنی دەوڵەتن پیلان دەگێڕن بۆ دابەشکردنی تورکیا بۆ کوردستان لە رۆژهەلاّت و((عەلەوییستان))لە ناوەڕاست وپارچەیەکی دیکەی سوننە تورکەکان لە خۆرئاوا. لەهەشتاکاندا لە ئەڵمانیا رێکخراوێکی چەپی توندڕۆ بە ناوی(کزیل یۆڵ) سەریهەڵدا و بە هەمان شێوە رایگەیاند کە نیازیەتی((عەلەوییستان)) ئازادبکات. ئەوەبوو زۆران لە ناسیونالستان و چەپەکان لەوانەی ئاڕاستەی تریان هەبوو گومانیان هەبوو کە ئەم کارە ئیشی دەستگاکانی هەواڵگری تورکیایەو، ئامانجی ئەوەیە کاردانەوەی نەتەوایەتی لە نێوان سوننەکان و تورکەکاندا بورووژێنێت.

47- Martin van Bruinessen,{Kurds,Turks and the Alevi revival in Turky}, Middle East Report 200(1996),7-10(reprinted in Kurdish ethno-nationalism versus nation-building state, pp. 31-42).

٤٨- گفتوگۆ لە بارەی Martin Bruinessen,(Aslini inkar eden haramazadedir). ناسنامەی ئیتنیکی عەلەوییە کوردەکان لە:

Kriszina Kehl-bodrogi, et al(ed.), Syncretistc religious communities in the near east. Leiden : Brill,1997,pp.1-23.

٤٩- کاملّترین گەشت بە نێو ئەو نووسراوە خولییانەی کە کورد دەریاندەکرد و، بۆ کوردان دەردەچوون بریتییە لە:

Malmisanij & Mahmud Lewendi ,Li Kurdistana Bakur u li Tirkiye

.(rojnamegeriya Kurdi(١٩٠٨-١٩٩٢) (Ankara:?z, Ge,١٩٩٢



ئەم گەشتە ٦٥ چاپکراوی خوولی ئەژماردەکات کە لە نێوان سالاّنی ١٩٦٠-١٩٨٠دەردەچوون، زۆریان بە شێوەیەکی نیمچە ئازاد دەردەچوون.

٥٠- تەنها سێ ژمارە لە (تیراژ- Tirej )لە تورکیا دەرچوو لە ماوەی سالاّنی١٩٧٩ و ١٩٨٠. ژمارەی چوارەم و کۆتایی لە سوید بلاّوکرایەوە. لە راستیدا گۆڤارێکی دێرینتر هەبوو هەندێ پارچەی کورتی بلاّوکردەوە. دەقی گۆرانیەك و چیرۆکێکی فۆلکلۆری و لیستێك بۆ وشەکان بە زازایی. ئەو گۆڤارە ،گۆڤاری(رۆژا نوێ —Roja Newe) ی تەمەن کورت بوو، کە ژمارەی یەکەم و تاقانەی لە سالّی ١٩٦٣ لە ئەستانبوڵ دەرچوو. بڕوانە:

Malmisanij & Lewendi, Rojnamegeriya Kurdi,pp. ١٥٩-٦١).)

٥١- ئەم بابەتە بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر لەم لێکۆڵینەوەی خوارەوەی ڤان برۆینسن گفتوگۆی لە سەر دەکرێت:

Martin van bruinessen,(Transnational aspects of the Kurdish question)[Working paper,Robert Schuman Centre for Advanced Studis, European University Institute, Florence,2000).

٥٢- ئەم گۆڤارە (هیو ا/ هێڤی Hiwa/Hevi) سالّی ١٩٨٣ دەستی بە دەرچوون کرد. (مالمیسانیژ-Malmisanij) بەرپرسیارەتی بەشی زازاییەکەی گرتە ئەستۆ،کە هەر ئەویش بوو بەشداری لە بلاّوکراوە زازاییەکانی گۆڤاری (تیراژ) کردبوو، دواتریش لە گۆڤاری جیاجیادا بە زازایی نووسینەکانی بلاّودەکرانەوە. لەوکاتەدا کە(مالمیسانیژ) بەردەوام لە هەولّی ئەوەدابوو شێوەی زارەکی زازایی بپارێزێ و رێزی زیاتر بۆ رۆشنبیری زازایی وەدەست بهێنێت، ئا لەوکاتەدا بەتوندی بەرەنگاری مەیلی جوداخوازانەی زازاییەکان بۆوە کە سەریهەڵدا.

٥٣- ئەبوبەکر پاموکجو Ebubekir Pamukcu، سەرپەرشتی دەرچوونی گۆڤاری(ئایری Ayre- )ی زازایی و دواتریش گۆڤاری(پیا- Piya)ی مانگانەی دەکرد لە سوید لە سەرەتای ١٩٨٦ ەوە تاکو ١٩٩١. گرنترین بەشدارییەکانی وەك سەرنووسەر ئەوەبوو کە شیکردنەوەیەکی لە روانگەی نەتەوەیی زازاییەوە لە مەڕ ئەو شۆڕشەی لە دەرسیم هەڵگیرسا بلاّوکردەوە ، دواتریش ئەم بابەتە لە تورکیادا لە کتێبێکدا بلاّوکرایەوە:

Dersim Zaza ayaklanmasini tarihsel k?kenleri (Istanbul:Y?n,1992).

٥٤- گرنگترینی ئەو نامیلکانە ئەمەی خوارەوە بوو:

Zilfi Selcan, Zaza milli meselesi hakkinda(Ankara:Zaza Kulturu Yayinlari,1994.

هەر ئەم نووسەرەش بوو نامەیەکی دکتوارای لەسەر رێساکانی زمانی زازایی نووسی:

Grammatic der Zaza-Spache. Nord-Dialekt(Desim-Dialekt) (Berlin: Wissenschaft &Technik Verlag,1998).

گرنگترین گۆڤارە نەتەوەییەکانی زازاکان کە لە نەوەدەکاندا دەرچوون، گۆڤاری(دەسماڵاسورە- Desmala Sure)، و(واریَ-Ware)بوون کە لە ئەڵمانیا دەردەچوون هەردووکیان دواترلە دەرچوون راوەستان.

٥٥- ئێستاکە کۆمەڵێك گۆڤاری رۆشنبیری هەن کە بە زازایی دەردەچن، دیارترینیان گۆڤاری (ڤاتیَ-Vate)یە کە لەوەتەی ساڵی ١٩٩٧ ەوە لە سوید و ئەڵمانیا دەردەچێت. ئەم گۆڤارە لە هەر سێ رۆشنبیرییە لکییە سەرەکییەکانی زازاییانەوە کە بریتین لە: دەرسیم (عەلەوییە)و(پالو - Palu)و(سیڤەرەك — Siverek ) کە هەردووکیان سوننەن)نووسین بڵاودەکاتەوە. چاپکراوەکانی تریش لە بنەڕەتدا بەیەکێك لەم گۆڤارانە پەیوەستن.

گەلێك کاری نەحووی ئەکادیمی و فەرهەنگی نویَ(زازایی دەرسیم و پالو و سیڤەرەك ) بڵاودەکرێنەوە و، ئێستاش چالاکییەکی بێفیزی بڵاوکردنەوەی کتێب بە زازایی لە ئارادایە.

٥٦- گۆك ئەلپ کاریکرد بۆ پێشخستنی ئەم ئایدیایە کە لە کۆمەڵێك وتار کە لە گۆڤاری (کوچوك مەجموعە-Kucuk Mecmua)دا ساڵی ١٩٢٢ بڵاوکرانەوە و، دواتر وەك پاشکۆیەك لە﴿ Kurt asiretleri hakkinda sosyolojik tetkikler (Istanbul Sosyal Yayinlar, ١٩٩٢) ﴾ بڵاوکرانەوە.

سەگڤان ناسیونالستێکی کورد بوو بەر لەوەی بانگەشەی توانەوە بکات:

Dr. Chukru Mehmed Sekban, La question Kurde: des problemes des .minorits . Paris: Presses Universitaires de France, ١٩٣٣



تەرجومەکراوە تورکییەکانی ئەم نامیلکەیە، کە لەبەر هەندێك هۆکاری سیاسی رۆشن بڵاوکراونەتەوە لە چاو ئەسڵی نامیلکەکە بە ئەمانەتەوە نین، بەڵام بابەتێکی سەرنج ورووژێنن بۆ مێژووی هەوڵانەی ئامانجیان ئەوەبووە کورد بە تورك لە قەڵەمبدەن.

٥٧- لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشدا (دانیال کۆنڤێرسی-Daniele Conversi) هەوڵیداوە نیشانی بدات کەوا بزاڤە ئیتنۆ- نەتەوەییەکان هەوڵیانداوە وەك میکانیزمێك بۆ دەستنیشانکردنی سنوورەکان توندوتیژی سسیاسی بەکاربهێنن. ئەو مشتومڕیەتی لە بارەی ئەوەی کە ئەگەرەکانی پەنابردنە بەر توندوتیژی زۆرتردەبن کاتێك ئاماژەی هەبوونی سنووری رۆشنبیری هاوبەشی وەکو زمان کەمتر دەبنەوە، لەمبارەیەشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان بە نموونە دەهێنێتەوە کە زۆرێك لە چالاکانی سەرکردایەتییەکەی زمانی کوردی نازانن:

Daniele Conversi, {Violence as an ethnic border. The consequences of a lack of distinctive elements in Croatian ,Kurdish and Basque nationalism}, in: Justo G. Beramendi, et al.(ed.), Nationalism in Europe past and present(Santiago de Compostela: Universidade de Santiago de Compostela, 1994),pp. 167-198

**. تەواوبوو.**